# ئاشنابوون بە

# کارل پۆپەر



کۆمەڵێک نوسەر

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە،
گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٤١)
تشرینی دووەمی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo.com
٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢
دەستەی نووسەران:
شاسوار کەمال...پێشڕەو محەمەد
مەجید مارابی...رێباز مستەفا
هاوار محەمەد

تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:
باوان عومەر، سەروەت تۆفیق
بەڕێوەبەری سایت: ئاراس حەسەن
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

# کارل پۆپەر
# لیبرالیزم و فەلسەفەی زانست

د. حوسەین بەشیریە
وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد

کارل رایمۆند پۆپەر (1903–1994) زێتر وەکو فەیلەسوفێکی زانست و ئێپیستمۆلۆجیست ناوبانگی پەیدا کردوە. هێژموونی زانستی پۆپەر، بە تایبەتی لە کایەی مێتۆدۆلۆجیی زانستیدا، کاریگەری زۆرە و جێ بڕوای هزرڤانانی دیسپلینە جۆراوجۆرەکانی زانستە. پۆپەر لە نەمسا هاتە جیهانەوە و لە زانکۆی ڤییەنا ماتماتیک و فیزیک و سایکۆلۆژی خوێند. لە گەنجیدا چالاکی سیاسیشی هەبوو و ئاراستەکانی سۆسیالیزمی وەرگرتبوو. لەو رۆژگارەدا ئەو لە روانگەی زانستی و فەلسەفەییەوە، رەخنەی لە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی گروپی ڤییەنا دەگرت. رەخنەکانی لەم بوارە، لە گرنگترین کتێبیدا بە ناوی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی (1934) بڵاوکرایەوە، کە خودی گروپی ڤییەنا ئەم کتێبەیان چاپ و بڵاوکردەوە. پۆپەر لەتەک بڵاوبوونەوە و سەرکەوتنی فاشیزم، نەمسای جێهێشت و رۆیشت بۆ نیوزێلاند، و لە ساڵەکانی 1937–1945 لەو وڵاتەدا بە وانەگوتنەوە خەریک بوو. لەو قۆناغەدا بەرهەمە سەرەکییەکەی خۆی، واتا چڤاتی کراوە و دوژمنانی ، نووسی. ئەو دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، لە بریتانیا نیشتەجێبوو و بوو بە پرۆفیسۆری فەلسەفەی زانست و لۆژیک لە زانکۆی لەندەن. لە ساڵی 1957دا کتێبی هەژاری هیستۆریسیزم (مێژووگەرایی) ، لە 1963دا گومانەکان و پوچەڵکردنەوەکان ، و لە 1972دا زانینی ئۆبژێکتیڤ: تێڕوانینێکی پەرەسەندنخوازانە ی نووسی.

پۆپەر لەم بەرهەمانەیدا، بەڵگاندنەکانی خۆی لە رەخنەی پۆزەتیڤیزم و رەتکردنەوەی یاسامەندی مێژوو پێشخستت و پەرەیپێدا. تێڕوانینی سەرەکی ئەو رەتکردنەوەی مێتۆدی ئیندۆکسیۆنە لە زانستە ئەزموونییەکاندا، کە بەپێی ئەوە، گریمانە زانستییەکان بە بینینە پۆزەتیڤەکان دەسەلمێندرێن. تویژینەوەکانی پۆپەر بووەتە هۆی قسە و هەڵوەستە لەسەرکردن لە نێوان لایەنگرانی پۆزەتیڤیزم و مارکسیزمدا. پۆپەر لە کایەی هزری سیاسییدا، لە روانگەیەکی زانستی و فەلسەفەییەوە بەرگریکردووە لە لیبەرالیزم و دیموکراسی و بە بەهۆی بڕوابوونی بە پرەنسیپی ناجەختی لە فەلسەفە و فیزیکدا، جەختی لەسەر هزری ئازادی مێژوو لە کۆت و بەندی یاساکان و پێشبینی نەشیاوی ئایندە کردەوە. لە بەرهەمە سەرەکییەکانی دیکەی ئەو، دەبێت ئاماژە بکەین بە پاشکۆی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی لە سێ بەرگدا: ریالیزم و ئامانجی زانست (1983)، جیهانی کراوە: ئارگیومێنتێک بۆ نادێتێرمینیزم (1982)، تیۆری کوانتەم و سیزم (اختلاف نظر) لە فیزیکدا (1982).

بە شێوەیەکی گشتی پۆپەر بەرگریکاری هزری ئازادی سیاسیی و ململانێی ئازاد، تیۆرداڕێژی ئەندازیاری چاکی پلە بە پلە (جز بە جز )، بەرگریکاری چاکی کراوە ، و نەیاری مێژووگەرایی و هەرجۆرە ئایدیۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییە، هەروەها گۆزارشتە گفتوگۆئامێز و تازەکانی پۆپەر لە هزری فەیلەسوفە سیاسییە کۆنەکان، بەتایبەت پلاتۆن و هێگل، ئەویان لە ریزی راڤەکارە ناودارەکانی فەلسەفەی سیاسیی داناوە. بنەمای هزری سیاسیی پۆپەر، دەبێت لە برگریکردنی ئەو لە لیبەرالیزم بۆی بگەڕێین، بەڵام لەبەرئەوەی لیبرالیزمەکەی پەیوەندی هەیە بە تیۆرییەکانی لەبارەی زانستەوە، بۆیە پێویستە بەرگریکردنی ئەو لە لیبەرالیزم لە دەقی تیۆری گشتی ئەو لەبارەی ناوەرۆکی زانین و ئازادی و ئاوەزگەرایی هزرین و پراکتیکی مرۆیی، بۆی بگەڕێین.

### فەلسەفە و مێتۆدی زانست

لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی تیۆریی زانستیی پۆپەر، دۆزینەوەی وەڵامە بۆ کێشەی ئیندۆکسیۆن لە زانستدا، کە لە رۆژگاری دەیڤد هیومەوە گومانێکی

سەرەکی لە بنەڕەتی زانستیی ئەزموونگەری دروستکردبوو. لە سەردەمی فرانسیس بەیکن، زانستی ئەزموونگەری و یاساویست، پشت بەست بوو بە پرەنسیپی ئیندۆکسیۆن: ((تیۆریی نادروست لەبارەی زانست، کە بە بەیکن دەستی پێکردبوو... تیۆرییەک بوو پشت بەست بەوەی زانستە سروشتییەکان هەموویان زانستی ئیندۆکسیۆنین)) ، بەڵام هیوم گومانی لەم فۆرمە کرد، بەڵگەوەی ئەوەی خستەڕوو، کە لۆژیکیانە ناتوانین یاسا راستەکان لەبارەی شتە ئەزموونکراوەکانی رابوردوو، لە ئاییندەشدا بە راست و فراوان بزانین ((زانست لە بنەڕەتدا ئیندۆکسیۆنی و پشت بەست بە ئەزموون و بینین نییە، و هیوم ئەم ئەفسانەیەی تێکەڵکردووە)) . لەم رووەوە زانستی ئەزموونگەریی ئیندۆکسیۆنیی یاساویست لە روانگەی لۆژیکی و ئەزموونییەوە بنەڕەتێکی پتەوی نییە، لەبەر ئەوەی ئیندۆکسیۆن شیاوی دیدۆکسیۆن نییە لە لۆژیک و ئەزموونندا. پۆپەر بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە راستی یاسا دۆزراوەکـان (بەو جۆرەی هیوم دەیگوت) شیاوی سەلماندن نین، بەڵام لە بنەڕەتدا لەبەر ئەم هۆیەی ناتوانین رەتیانبکەینەوە، بەڵکو پێویستە لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە هەڵبسەنگێندرێن (و لە روانگەی هاوتاییبوونەوە دەوڵەمەندتر بن)، بۆئەوەی بتوانین ئەوانە ڕەتبکەینەوە یان بە درۆیان بخەینەوە. لە بەرانبەر رەخنەکەی هیومدا، پۆپەر باوەڕیوایە ((ئێمە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاسیڤانەی دووبارەبوونەوەی رووداوەکان بین، کە هەندێک رێسا بەسەرماندا بسەپێنن، ئەوا ئاکتیڤانە هەوڵدەدەین رێساکان بەسەر جیهاندا بسەپێنین. هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی وێکچوونەکانی نێو جیهان بدۆزینەوە، و ئەوانە بەپێی ئەو یاسای خۆمان دامانهێناوە، ڕوونبکەینەوە، بۆ ئەوەی چاوەڕوانی چەند پێشەکییەک بین، رووەو دەرەنجامەکان دەڕۆین. لەوانەیە هەمان ئەو دەرەنجامانەی، ئەگەر نادروستیان دەرکـەوت، بەرکەناریان بکەین)) ،کەواتە دەبێت تیۆرییە زانستییەکان وەها رێکبخەین، کە بە ئاسانی شیاوی رەخنەلێگرتن و پووچەڵکردنەوە بن. دانایی و زانست لە رێگەی پوچەڵکردنەوە و رەخنەوە پێشدەخرێن. بە دەربڕینێکی دیکە، هەوڵدانی هزری لە رێگەی رەتکردنەوەی تیۆرییەکان، گەشەکردنی زانستی لێدەکەوێتەوە. گەرەکە پووچەڵشیاوی ببێتە جیاکەرەوەی بڕیارە ئەزموونییەکان لە نائەزموونییەکان و ببێتە پێوەری دیاریکردنی

زانست لە نیمچەزانست . لە پرۆسێسیی پەرەسەندنیی زانستدا ئەو گومانانەی لایەنن لە روونکردنەوەی شتەکان، لێدەدرێن و پاشان ئەو گومانانە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە پووچەڵدەکرێنەوە. لەم رووەوە گەشەسەندنیی زانست بەرهەمی مێتۆدی هەڵە لابردنە .

کەواتە زانستی تـەواو و نەگۆڕ بوونی نییە. زانست لە رەخنە و پووچەڵکردنەوەوە بەرهەمدێت. بە پێچەوانەی تیۆریی باوی پۆزەتیڤیستەکان، گەشەسەندنیی زانست لە جەختکردن و سەلماندنی تیۆرییەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی رەخنەکردنەکانی و گۆڕان تێداکردنەکانییەتی. ((مامەڵەی زانستیی رەخنەکارییانەیە، دوای جەختێنی ناکەوێت، ئەزموونە سەرەکییەکانی گەرەکە، ئەو ئەزموونانەی لەوانەیە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە ئەو تیۆرییە پووچەڵبکرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بیانسەلمێنێت)) .

لەم رووەوە زانست و زانینی زانستی ناوەڕۆکێکی ناجەخت و ناکۆتایی و گومانئاسای هەیە. ناکرێت بە هیچ تیۆرییەکی زانستی بگوترێت تەواو راست و حەقیقین، تەنها دەشێت بوترێت ئەزموون لایەنگری ئەوە. ((وێنەی گشتی زانست لەمەدایە، کە ئێمە پرسێکی بەرچاو هەڵدەبژێرین، پاشان ئازایانە و نەترسانە تیۆرییەک وەکو ڕێگەچارەیەکی کاتی پێشەکەشدەکەین، پاشان بە توانستی خۆمان هەڵدەستین بە رەخنەگرتن لە تیۆرییەکە، واتا هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی رەت و پووچەڵی بکەینەوە. ئەگەر لە رەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەدا سەرکەوتوو بووین، ئەوا تیۆرییەکی دیکە دەخەینە روو، و جارێکی دیکەش ئەوە رەخنە دەکەین... گشت مێتۆدی زانست دەتوانین بۆ ئەم پەیڤانەی کورتبکەینەوە: گومانی نەترسانە لەژێر پشکنینی رەخنەکردنی توند و لەتەک تاقیکردنەوەی سەخت)) . بەمجۆرە بەهۆی پرەنسیپی پووچەڵکردنەوە، لە هەر زەمینەیەکدا دۆزینەوەی تیۆرییەکی تەواوتر شیاو دەبێت. پنتی گرنگ لە تیۆری زانستی پۆپەردا ئەوەیە، کە تیۆرییە زانستییەکان بەرهەمی گومان(حدس)ن، و راستییەکەی، ئیندۆکسیۆن رۆڵێکی لە بەرهەمهاتنی ئەوانەدا نییە. ئەزموونەکان و تاقیکردنەوەکان نە تەنها بنەمای تیۆرییەکان نین، بەڵکو لەژێر رۆشنایی ئەواندا واتا پەیدا دەکەن و تیۆرداڕێژ دوای گومان و روانین بە دوای ئەوانەدا دەڕوات. ((تیۆری گومان و

پووچەڵکردنەوە نیشانیدەدات، کە بۆچی هەوڵی ئێمە بۆ سەپاندنی گوزارشتە تیۆرییەکان بەسەر جیهاندا لۆجیکیانە دەبێتە هۆی بینینی وێکچوونەکان... تیۆرە زانستییەکان کورتەی بینینەکان نیین، بەڵکو داهێنراون، ئەو گومانە نەترسانەن، کە بۆ تاقیکردنەوە دەخرێنە روو، بۆ ئەوەی ئەگەر ناکۆک بن لەتەک بینینەکان، بسڕدرێنەوە)) . ئیندۆکسیۆن لە راستیدا پرۆسیسێکی دەروونییە نەک لۆجیکی. تیۆرییە تازەکان بەرهەمی ئەزموون و ئیندۆکسیۆن نیین، بەڵکو دەرەنجامی رەخنەی تیۆرییە هەبووەکانن و گەیشتن بە هەر تیۆرییەکی تازە، ئەوا لەخۆگری گومان و ئینتوئسیۆنە. لە راستیدا تیۆر لە رووی کاتەوە لە پێش بینینە. ((لە بنەڕەتدا بینینی بێ لایەنانە بوونی نییە. هەر بینینێک چالاکییەکی مەبەستدارە... کە لە پرس و رەوش و دۆخە چاوەڕوانکراوەکانەوە (یان ئەوەی دواتر ناوم نا «ئاسۆی چاوەڕوانی») دەکەوێتەوە. ئەزموونی هەڵچوون بوونی نییە... گومانەکان یان گریمانە گەرەکە لە پێش بینین و پێرسەپتکردنەوە بێت: ئێمە چاوەڕوانی لە ناخداڕسکاو و زانینی لەناخداڕسکاوی شاراوەمان هەیە)) . بە شێوەیەکی پوخت پرۆسیسی بەرهەمی زانست بەدەستهاتوو نییە لە ئەزموون و بینینەوە بۆ تیۆر، بەڵکو لە تیۆرەوە بۆ ئەزموون و بینین بەدەست دێت.

بە شێوەیەکی گشتی بەو جـۆرەی بینیمان، پۆپەر ئیندۆکسیۆن بە جیاکەرەوەی زانست لە نیمچەزانست یان نازانست نازانێت. بە تێڕوانینی ئەو، ئەوەی زانست لە نیمچەزانست جیادەکاتەوە هەڵەشیاوی و پووچەڵشیاویی بڕیارەکانە، لەبەرئەوەی تەنها بڕیارەکان شیاوی رەتکردنەوە و ئەزموونکردنن . رەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی تیۆرییەکان، هۆشی زانستی فراواندەکات. گریمانە پووچەڵشیاوەکان، کە ئەگەری بەدرۆخستنەوەیان زێترە نەک راستیان، ئەوا لێکۆڵینەوە و پشکینینی زانستی دەوروژێنن. لەم رووەوە پۆپەر بڕوایوایە پووچەڵکردنەوەی تیۆر و گریمانەکان رێگەی بەرفراوانی زانست خۆش دەکات، نەک جەختکردنەوە و سەلماندنیان. بەم هۆیەوە پێویستە بەدوای دۆزینەوەی کەموکوڕی گریمانەکانەوە بین، و ئیدی رەخنەکردنی ئەم کەموکوڕییانە دەخرێنە روو. بە گوتەی پۆپەر ((لە قۆناغی پێش زانستدا ئێمە نەفرەتمان لەو لێهزرینەیە، کە پێیوایە دەشێت ئێمە لەهەڵەدا بین، کەواتە تا ئەو شوێنەی شیاو بێت بە شێوەیەکی

دۆگماییانە گومانەکانی خۆمان دەپارێزین، بەڵام لەسەر ئاستی زانستی ئێمە بە شێوەیەکی دیسپلین لە گەڕاندانین بە دوای هەڵەکانی خۆماندا)) . سەرەنجام بە چەندین تیۆریی باشتر دەگەین. تیۆریی باشتر ئەوەیە، کە لەتەک ئەوەی تیۆرییەکانی پێشووتر رووندەکاتەوە، ئەوا لەتەکیاندا دژ دەوەستێت. ((بەرەوپێشچوونی زانستی کۆکردنەوەی هەرچی زێتری بینینەکان نییە، بەڵکو رەتکردنەوەی تیۆرییە لاوازترەکان و لەجێدانانەوەی چەندین تیۆریی باشتر و تایبەت لە ر◪وانگەی ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندتر)) . لەتەک ئەمەدا تەنها دەتوانین بێژین لە روانگەی دیاریکردنەوە تیۆری نوێ بە شێوەیەکی کاتی بەهێزترە لە تیۆرییە کۆنەکان. هەر تیۆرییەک پێویستە بە روون و ئاشکراییەکی هەرچی تەواوترە دەربڕدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین پووچەڵکردنەوەکەی بخەینە روو. تیۆرییە پووچەڵنەشیاوەکان نیمچەزانستین، کەواتە پووچەڵشیاوی پێوەری تیۆریی زانستییە. تیۆریی زانستی دەبێت شیاوێتی رەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی هەبێت. لە تیۆرییەکدا جیهان بە ناچاری داخراوە، بەڵام لە کاتێکدا جیهانی ئەزموون کراوەیە. لەم رووەوە ئەگەر تیۆرییەک بڕوای وابێت، کە گشت ئەزموونی هەنوکە و ئایندە دیاریدەکات (هەرچەندە وەها توانستێکی روونکردنەوە لایەنگرانی تیۆرییەکە خۆشحاڵدەکات)– رۆڵی وەها بانگەشەیەک نیشانی نیمچەزانستی و لەسەرهەڵەبوونی تیۆرییەکەیە. بۆ نموونە مارکسیستەکان هەمیشە هەوڵیانداوە بە پێداچوونەوە بە هزری خۆیان پرەنسیپەکانی ئەو تیۆرییە لە مەترسی پووچەڵکردنەوەو رەتکردنەوە رزگار بکەن. ئەوانە ئەم پرەنسیپانە بە خاوەن جەختێنییەکی پووچەڵنەشیاو دەزانن، بەڵام تیۆری زانستی ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا پووچەڵشیاو بێت.

سەرباری ئەمە پۆپەر بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیستە لۆجیکییەکانی گروپی ڤییەنا، نیمچەزانستی بە بێ واتا و پووچ نەدەزانی. بە تێڕوانینی ئەو تیۆرییە نازانستییەکان شیاوە بگۆڕێن و ئەزموونشیاو بن. ((داهێنانی تیۆرییەک یان گریمانەیەک هەمیشە هەڵگری قۆناغێگی دۆگمائیکی و بە گشتی قۆناغێکی رەخنەکارییە)) . گشت ئەو تیۆرییە مەزنانەی، کە بە بەشێکی بەرهەمە بەرجەستەکانی مێشکی مرۆیی دادەنرێن، لە چەندین دۆگمی کۆنترەوە هاتوونەتە بوون، کە رەخنەیان لێگیراوە . ((ئەو کاتە قۆناغێکی رەخنەگرانە دەستەبەر

دەبێت، کە پێشتر قۆناغێکی دۆگماتیکی بوونی هەبوویێت، کە لە درێژەی ئەو قۆناغەدا شتێک-چاوەڕوانییەک، کارێکی ڕێکوپێک لە ڕەفتاردا، فۆرمولە ببێت، بۆ ئەوەی قۆناغی لابردنی هەڵەکان شیاو و چالاک بێت)) ، بەڵام تەنها بە مێتۆدی ڕەخنەکاری، واتا مێتۆدی لابردنی هەڵە، دەتوانین لەوە تێبگەین، کە گومانی دۆگماتیکی دروستبووە یان نا.

بەمجۆرە پێوەری جیاکردنەوەی زانست لە نیمچەزانست واتاداربوونی بڕیارەکان نییە، بەڵکو تەنها ڕەتکردنەوەی شیاوێتی پووچەڵئامێزی ئەوانەیە. ((پۆزەتیڤیستەکان پێوەری سەلماندنشیاوی و واتـاداری وەکو پێوەرەکانی جیاکردنەوەی ]بڕیارە زانستییەکان لە نازانستییەکان بەکاردەهێنن، ئەوان لەم بابەتە نائاگا دەکات، کە من پووچەڵشیاوی تەنها وەکو پێوەری جیاکردنەوە بەکار دەهێنم و نەک وەکو پێوەری واتاداری)) . تیۆرییەکانی مێتافیزیکی و نازانستی و یان نازانستی واتایان هەیە، بەڵام شیاوی تاقیکردنەوە و سەرەنجام پووچەڵشیاو نین. لێرەدا سیزم(جیاوازی بۆچوون)ی پۆپەر بە تەواوی لەتەک پۆزەتیڤیستە لۆجیکییەکان دەردەکەوێت، کەواتە تیۆرە نازانستی یان نازانستییەکان بێ بەها و بێ واتا نین. ((تێپەڕین لە مێتافیزیکاوە بۆ زانست هەنگاوێکی نائاگاییانە نییە: ئەوەی دوێنێ لێهزرینێکی مێتافیزیکی بووە، شیاوە سبەینێ بگۆڕێت بۆ تیۆرییەکی زانستی تاقیکردنەوەشیاو)) ، هەروەها پۆپەر دەبێژێت: ((من تیۆرییە مێتافیزیکییەکان بە هاوتای تیۆرییە زانستییەکان دەزانم... بە جۆرێک بتوانرێت ڕەخنە بە شێوەیەکی ئاوەزمەندێتی لە تیۆریی مێتافیزیکی بگیرێت، ئەوا دەبێت بانگەشەی ڕاستێتییەکەی بە جدی پەسەند بکرێت)) . تەنانەت دەبێژێت: ((لەوانەیە... بتوانین لە مێتافیزیکادا بۆ جیاکردنەوەی سیستەمە مێتافیزیکییە بێ بەهاکان لەو سیستەمانەی بەهای لێکۆڵینەوە و ڕامانیان هەیە، پێوەر بدۆزینەوە. ویستی ڕاستەقینەی خوازیاری مێتافیزیک ئەوەیە، کە هەموو ڕەهەند و لایەنە ڕاستەقینەکانی جیهان... لە وێنەیەکی تاکدا کۆببنەوە... کەواتە پێوەرەکە لێرەدا هەمان پێوەری زانستەکانە. ئایا وێنە]ی جیهان[ بەهای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی هەیە یان نا، بە تێڕوانینی من پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئایا دەبێتە هۆی ڕەخنەی ئاوەزمەندێتی و هەوڵدان بۆ تێپەڕین لە خود و گەیشتن بە وێنەیەکی

باشتر یان نا)) .

توێژینەوەی پۆپەر لەبارەی مێتۆدی زانست و گرنگی رەخنە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە تیۆرییەکەی لەبارەی سێ جیهان: جیهانی یەکەم، جیهانی شتەکان و دیاردە ئۆبژێکتی و ئەستووییەکان، جیهانی دووەم، جیهانی سەبژێکتی و نێوسەبژێکتییەکانە، جیهانی سێیەم، جیهانی بەرهەمەکانی ئۆبژێکتی هۆش و ئاوەزی مرۆڤە یان ئاوەزمەندییەکانە (ئەم جیهانە دروستکراوی مرۆڤە، بەڵام لەو سەربەخۆ دەبێت). جیهانی ئاوەزپەسەندەکان (معقولات) پێکهاتووە لە زمان، ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە، ئاین، ماف، مۆراڵ، زانست، تەکنیک، حکومەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە لە چوارچێوەگەلی ئۆبژێکتی و ئەستوویی (ماتەری) لە شێوەی کتێبدا رێکخراون. مرۆڤ ئەم جیهانەی دروستکردووە، بەڵام ئەو جیهانە وەکو شتێکی ئۆبژێکتی دەخاتە بەر تێڕامان و رەخنەکردن و هەڵسەنگاندنەوە. هەریەکێک لە بەشەکانی جیهانی ئاوەزپەسەندەکان چیرۆک و رەوتی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جیهانە بەرهەمی کردەی مرۆڤە، بەڵام دەرەنجامی پڕۆژە و نەخشەیەکی پێشینی (ئا پێریۆری) نییە. پەرەسەندنی جیهانی ئاوەزپەسند بەرهەمی رەخنە و گومان و پووچەڵکردنەوەیە، و پێشینەی رەخنەی ئاوەزی بۆ شارستانێتی گریکی دەگەڕێنەوە .

سێ جیهانەکەی پۆپەر پەیوەندییەکی نزیکیان لەتەک یەکدیدا هەیە. ئەم پەیوەندییە بنەڕەتی تیۆرییەکەی ئەوە لەبارەی ناجەختی و کرانەوەی جیهان. جیهانی یەکەم داخراو نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەری بەردەوامی جیهانی دووەمدایە، و جیهانی دووەم لەتەک جیهانی سێیەمدا لە مامەڵەیەکی هەمیشەییدایە و جیهانی سێیەمیش کاریگەری لەسەر جیهانی یەکەم دادەنێت. ((هیچ بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا نەخراوەتە روو لەبارەی رەتکردنەوەی کرانەوەی جیهان و ئەو راستینەیەی، کە شتە تەواو تازەکان هەمیشە لە دۆخی نەشوناماکردنداn و هەروەها هیچ بەڵگەیەکی دروستیش نەهێنراوەتەوە، کە سێبەری گومان بخاتە سەر ئازادی و داهێنانەکانی مرۆڤ. پرەنسیپی ناجەختی بەس نییە. بۆ تێگەیشتنی ئازادی، مرۆڤ شتی دیکەی گەرەکە. ئێمە پێویستمان بە ئایدیای کرانەوەی جیهانی یەکەم بەڕووی جیهانی دووەم و جیهانی دووەم بەڕووی جیهانی سێیەم و کرانەوەی

خودی و سەربەخۆی جیهانی سێیەم هەیە)) .

بە تێڕوانینی پۆپەر ئەگەر زانین و زانستی مرۆیی هەمیشە ناتەواو و بەردەوام لەتەک جیهانی یەکەمدا ئاوێتە بێت، کەواتە ئەو جیهانەی هەڵگری زانین و زانستی مرۆییە دەبێت هەمیشە کراوە بێت، بێگومان پرەنسیپی ناجەختی و کرانەوەی جیهان پەیوەندییەکی سەرەکی هەیە لەتەک پرەنسیپی پووچەڵشیاوی، لەبەرئەوەی زانینی زانستی لە رێگەی گومان و پووچڵکردنەوەوە بڵاودەبێتەوە. بە دەربڕینی ئەو ((ئەگەر سروشت تەواو دێتێرمینیستیک بێت، ئەوا دەبێت بیاقی کارەکانی مرۆڤیش بەمجۆرە بێت. لەم شێوەیەدا ئیدی زانست بوونی نەدەبوو، تەنها رواڵەتی کار دەبوو)) .

پۆپەر دێتێرمینیزمی زانستی، توندترین شێوەی لە تیۆری لاپلاسدا خستبووە روو، بە ((سەختترین و جدیترین کێشە لە رێگەی روونکردنەوەی ئازادی، داهێنان، و بەرپرسیارێتی مرۆڤ و بەرگریکردن لێیان دادەنێت)) . ئەو دێتێرمینیزمی زانستی بە تیۆرییەک پێناسە دەکات، کە بەهۆی ئەوە ((پێکهاتەی جیهان بەو جۆرەیە، ئەگەر ئێمە وەسفێکی تەواو وردمان لەبەردەستدا بێت لەبارەی رووداوەکانی رابردوو و ئاگاداری تەواوی یاساکانی سروشت بین-ئەوا ئەو دەم بەشێوەیەکی ئاوەزی و بە بەرزترین پلەی وردی شیاوی پێشبینیکردنە)) ، بەڵام وەها تیۆرییەک هەم تاقیناکرێتەوە و هەم پووچەڵنەشیاوە. دێتێرمینیزم ئەگەری هەرجۆرە داهێنان و ئازادییەک دەهیچێنێت. بە دەربڕینی پۆپەر ((داهێنانی بەرهەمێکی نوێ وەکو سەمفۆنی «جەی مینور»ی مۆتسارت بەدەستی فیزیکزانێک یان فیزیۆلۆژیستێک، کە لە توانستی جەستەیی مۆتسارت، بە تایبەتی مێشک و ژینگەی ئەستوویی ئەو دەکۆڵێتەوە، شیاوی پێشبینیکردن نییە)) . تیۆری دێتێرمینزمی زانستی ((دەگۆڕێت بۆ ئەم تێڕوانینەی، کە ملیاردەها ساڵ پێشتر، ئەتۆمەکانی جیهانی یەکەم لەخۆگری شیعری هۆمیرۆس و فەلسەفەی پلاتۆن و سێمفۆنییەکانی بێتهۆڤن بوون)) .

تێگەی جیهانی سێیەم لە هزری پۆپەردا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەتەک تێگەی زانستی ئۆبژێکتی. هەر رەخنەکردنێکی تیۆرییەکان، بەر لە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە، دەبێت لە فۆرمی ئۆبژێکتی زماندا ئاشکرا بکرێت. هزر تا ئەو کاتە ئۆبژێکتی نییە و تەنها لە جیهانی دووەم، واتا لە جیهانی هۆشدا بێت، شیاوی

رەخنەکردن و هەڵسەنگاندن نییە، کەواتە دەربڕینی رۆشن و ئازادی رەخنەکان و هزرەکان ڕێگە رووەو جیهانی سێیەم دەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر زانایەک تیۆرییەکەی خۆی تاقیکردبێتەوە و سەلماندبێتی، تا ئەو کاتەی ئەو تیۆرییە لە رێگەی تاقیکردنەوە گشتیرەکان نەسەلمێندرێت، بە بەشێک لە زانستی ئۆبژێکتی و جیهانی سێیەم ئەژمار ناکرێت. زانست تەنها کاتێک ئۆبژێکتیڤییە، کە بەشێک بێت لە جیهانی سێیەم و پەیوەستی گشتی بێت، کەواتە زانست بەشێکی جیهانی دووەم نییە. جیهانی زانست جیهانی ئۆبژێکتییە، کە بە گشتی لە دەرەوەی سەبژێکتەکاندا بوونی هەیە. ((ناسین و زانینی زانستی تەنها ئەوە نییە، کە لە رستەی «من دەزام»دا دەردەکەوێت. زانین بە واتای «من دەزانم» پەیوەستە... بە جیهانی سەبژێکتەکان، لە کاتێکدا زانینی زانستی پەیوەستە... بە جیهانی تیۆرییە ئۆبژێکتییەکانەوە)) .

زانست لە تێڕوانینی پۆپەردا پرۆسیسێکی پەرەسەندنخوازانەیە، و لە دەرەنجامی کاردانەوە بۆ پرسەکان و کێشەکان پێشدەخرێت. لەم رووەوە لە نێوان رەوتی گەشەکردنی زانست و پرۆسێسی پەرەسەندنخوازانەی ژیاندا پەیوەندی هەیە. ((دیاردەی زانست و زانینی مرۆیی بێگومان گەورەترین پەرجووە لە جیهاندا)) . تیۆرداڕێژی زانستی لە مرۆڤدا وەکو ئامرازسازی وایە لای گیانەوەران بۆ رێککەوتن لەتەک ژینگەدا روو دەدات. ((هەموو بوونەوەران شەو و رۆژ بەردەوام دەرگیری شیکاری پرسەکانن)) . لە قۆناغە بەرزەکانی پەرەسەندندا، مێتۆدی رەخنەگرانەی لابردنی بەردەوامی هەڵەکان بە شێوەیەکی تەواو دەردەکەوێت. تیۆرییەکان وەکو کەرەستەکان لە جیهانی یەکەمدا، گۆڕانکاری چێدەکەن. تەواوی بەرهەمەکانی جیهانی سێیەم و لەوانە زانست، بە درێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندن دروستدەبن و بەرهەمی پووچەڵکردنەوە و گۆڕانکاری و رەخنەکردن و هەڵسەنگاندنی هەمیشەیین. ناتوانین هیچ رۆڵێک لەوانە بەپێی مۆدێلێکی دیاریکراو دابمەزرێنینەوە. هیچ کاتێک لە هیچ زەمینەیەکەوە ناتوانین لە سفرەوە دەستپێبکەینەوە. ئێمە لە هەموو کایەکاندا میراتگری رابردووین و پشت دەبەستین بە داب و نەریتەکان، هەرچەندە رێگەی پێشکەوتن لە هزرئازادی و هزرینی تازەدایە .

به کورتی له ئێروانینی پۆپەردا ((بنەمای ئەزموونگەرایی زانستی ئۆبژێکتیڤی هیچ جۆره رەهایەتییەکی نییه. زانست لەسەر گاشەبەردەکان بینا نەکراوه. پێکهاتەی تیۆره زانستییەکان لەسەر زەلکاودا دەردەکەوێت، و وەکو پێکهاتەیەکه لەسەر پایەی خۆڵ وەستابێت. خۆڵەکان لەسەرەوه دەڕژێنه نێو زەلکاوەکەوه، بەڵام هیچ کاتێک به پایه و بنەمای لەپێشدراو و سروشتی ناگەن. ئەگەر دەبینه رێگر لەبەردەم رژانی زێتری خۆڵەکان، ئەوا بەو هۆیەوه نییه به زەوییەکی گران و پتەو گەیشتووین. ئێمه تەنها کاتێک به راستی دەوەستین، که دڵنیا بین خۆڵەکان به ئەندازەیەکی پێویست پتەون، که بیناکه بپارێزن)) . له شوێنێکی دیکەدا پۆپەر بەمجۆره دەبێژێت: ((پێویسته وێنای بوونی سەرچاوەی مەبەستداری زانین وەلاوه بنێین و دانی پێدابنێین تەواوی زانین مرۆییه و ئەم زانینه پێکهاتووه له هەڵەکان دەمارگرژییەکان، خەونەکان و ئومێدەکانی ئێمه. تەنها دەتوانین کوێرانه رووەو حەقیقەت ببزوێین، هەرچەنده حەقیقەت له ئێمەوه دووره دەستبێت. له تەواوی کایەکانی زانست و زانیندا هیچ ئارگیومێنتێک نییه لەدەرەوەی رەخنه بێت... حەقیقەت له دەرەوەی هەنگاوی مرۆڤدایه و دەبێت ئەم گوتەیه به بەهادار بزانین، لەبەر ئەوەی بەبێ ئەوه هیچ پێوەرێکی ئۆبژێکتی بۆ توێژینەوه و رەخنەی گومانەکانمان بوونی نییه...)) .

لەبارەی رەتکردنەوەی مێتۆدەکان و ئایدیۆلۆژییه شۆڕشگێڕییەکان و هیستۆریسیزم

یەکێک له ئامانجه کۆتاییەکانی چڤاتی کراوه و دوژمنانی روونکردنەوەی بنەما فەلسەفەییەکانی تۆتالیتاریزم و فاشیزم و هۆی مەیلی جەماوەره بۆ ئەوانه. گرنگترین هۆکاری سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی هاتنه ئارای تۆتالیناریم راکردنی خەڵکییه له ترسی ئازادی و بەرپرسیارێتی نەخوازراو و حەزیان بۆ ئاساییش. دوای دەرچوونی مرۆڤ له چڤاتی نەریتی ئۆتۆریتەخواز و داخراو و گەیشته نەریتی رەخنەگرانه، ئەو هەل و مەرج و پێویستییه نوێیانەی رووياندا، که بوونه هۆی نیگەرانی و گرژی قوڵ له مرۆڤدا، به جۆرێک ئارەزووی گەڕانەوه بۆ رەحمی ئاساییشی لەدەستچووی تێدا بێدار بـووەوه. له چڤاتی مۆدێرندا نەریت و هیرارشی و ئاین رووەو پشتیوانێکی ئاساییشی تاک دەکەون، توانستی

رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردنی رێگە جۆراوجۆرەکان و بێ پێشینەکانی ژیان دەستەبەر دەبێت و گومان لە زانراوە کۆنەکان دەکرێت. چڤات بەهۆی کاریگەری فشارەکانی شارستانێتی رووەو دابـڕان هەنگاو دەنێت و تاک لە ئازادهزرین ەوە بۆ دۆگمائیزم و لە ئازادییەوە بۆ ئاساییش پەنا دەبەن. ریشەی مەیلی خەڵکی بۆ چڤاتی داخراو، کە لە کۆنەوە لە بەرانبەر مەیلی شارستانێتی بۆ ئازادی و رەخنەکاری پەیدا بووە، هەر ئەمەیە: خۆزیای یۆتۆپیای هێمن و ئاساییش، خۆزیای چڤاتێکی داخراو و دوور لە دەستی ئازادی هزر و رەخنەکاری. کۆنەپارێزی و ئایدیالیزم، واتا پەنابردنە بەر نەریتەکانی رابردوو و گەڕان بە دوای یۆتۆپیا لە ئایندەدا، هەردوویان لە یەک رەگەزن و هەردوویان پشت بەستن بە توندوتیژی بۆ ریشەکێشکردنی هزری ئازاد. هەردوویان دژە گۆڕانکاری و خوازیاری چڤاتێکی وەستاون. هەردوویان دەگۆڕێن بۆ توتالیتاریزمی (راست و چەپ)، کە دیمەنی پراکتیکیان یەکەمیان فاشیزم و ئەویدیکەیان کۆمیونیزمە. بە تێڕوانینی پۆپەر هەندێک لە فرەزانترین و ئاگامەندترین فەیلەسوفان بە مەیلە مرۆییەکانیان و هەستی نیازپاکیان، واتا بۆ چاککردنی چڤاتی مرۆیی، پلاندانەری چڤاتی داخراو و دوژمنی چڤاتی کراوە و ئازادی و رەخنەگرتن و گۆڕانکاری بوون. بە تێڕوانینی پۆپەر پێشەنگی فەیلەسوفە کۆنەپەرستەکان پلاتۆنە و گرنگترین هزرڤانی یۆتۆپیای ئاییندە کارل مارکسە. پۆپەر، بە پێچەوانەی رەخنەگرانی رابردوو، ناکەوێتە رەخنەگرتن لە پێتە لاوازەکانی هزرینەکانی ئەم فەیلەسوفانە، بەڵکو لەتەک لەخنەکردنی پێتە بەهێزەکانیاندا خەریک دەبێت، و لە کاتی پێویستدا، لۆجیکی ناوەکی ئەو فەیلەسوفانە بە مەبەستی خستنەڕووی پێتی بەهێزیان دادەمەزرێنێتەوە و وایلێدەکات شیاوی بەرگریکردن بێت، و خۆی دووردەگرێت لە جەختکردنەوە لەسەر پێتە لاوازەکان. بەمجۆرە کاتێک دەکەوێتە رەخنەکردنی بناغە پتەو و بەڵگاندنە بنەڕەتییەکانی ئەم فەلسەفانە، ئیدی هیچ بەڵگاندنێک بۆ بەرگریکردن لە دەستی لایەنگرانی ئەم فەلسەفانەدا نامێنێتەوە.

پۆپەر لە هزری پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسدا بە دوای ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕی توتالیتاریزم و هیستۆریسیزم (مێژووگەرایی)دا دەگەڕێت. ئۆتۆریتاریانیزم دەسەڵاتداریەتی (اقتدارگرایی) پلاتۆن و ئیزێنتیالیزم (جەوهەرگەرایی)

ئەریستۆتێلیس بنیادی ئەم دووانەن. فەلسەفەی یۆتۆپیای پلاتۆن فەلسەفەیەکە بۆ پارێزیکردنی چڤاتی داخراو و دەوڵەتی تۆتالیتێر و رێگرتن لە گۆڕانکارییەکانیان. پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس بانگەشەکاری فەلسەفەی غەیبویژانە بوون، کە هێگل میرانگری بوو. ((شێوازی هزری سکۆلاستیکی و میستیک]ی[ و نائومێدی لە وابەستەبوون - هەمووی دەرەنجامی ناچارەکیانەی رێبازی ئیزێنتیالیزمی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسە، و هەڵچوونی ئاشکرای پلاتۆن لە بەرانبەر ئازادی دەگۆڕێت بۆ شۆڕشی نهێنی ئەریستۆتێلیس بەرانبەر بە ئاوەز)) . ئەم دووانە رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە ((دەرکەوتنی فەلسەفەی هێگل، کە پیری هیستۆریسیزم و تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیە)) . لە سەدەکانی نێڤینیشدا ((کڵێسا بە شوێنپێی تۆتالیتاریزمی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسدا رۆیشت و ئەم رەوتە دواجار لە ئەنگیزاسیۆندا گەیشتە لوتکە. بە تایبەتی سەرچاوەی ئەنگیزاسیۆن (دادگای پشکنینی بیروباوەڕ)، تیۆرییەکەی پلاتۆن بوو)) . دوای ئەوە، فەلسەفەی هێگل سەرچاوەی هەموو رێبازەکانی هیستۆریسیزمە لەم سەدەیەدا. ((باڵی چەپی توندڕەوی مارکسیستەکان و میانەڕەوە کۆنزێرڤاتیڤەکان و فاشیستە راستگەرا توندڕەوەکان-هەموویان ]فەلسەفەی[ هێگل بە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی خۆیان دادەنێن)) . ((هێگل... لەنوێوە ئیدێکانی پلاتۆنی دۆزییەوە، کە پاڵپشتی هەڵچوونی هەمیشەیی بوون لە بەرانبەر ئاوەز و ئازادیدا. فەلسەفەی هێگل وەکو دووبارە هاتنەئارای تریبالیزمە (قبیلەپرستی)... وەکو دەبێژن ئەو ئەڵقەی بزربوونی نێوان پلاتۆن و فۆرمی ئەمڕۆیی تۆتالیتاریزمە. لایەنگرانی ئەمڕۆی تۆتالیتاریزم... هەموویان لە کەشی داخراوی فەلسەفەی هێگلەوە هاتوون، و فێری ئەوە بوون دەوڵەت و مێژوو و نەتەوە بپەرستن)) . هێگل بە فەلسەفەکەی خۆی ئایدیالەکانی شۆڕشی فەرەنسی وێراندەکات و لە پلەی فەیلەسوفی فەرمی و خزمەتگوزاری دەوڵەتی پروس ((خودا و پروس بەیەکەوە پاساو دەدات)) و ((لە لایەکەوە پەرستنی پلاتۆنیستیانە و پروسویستیانەی دەوڵەت و لە لایەکی دیکەوە، پەرستنی مێژوو و کۆیلایەتی لە بەرانبەر سەرکەوتن لە مێژوودا دەکاتە جێگرەوەی توخمی ئازادیخوازی و ناسیۆنالیزم)) و ((هێشتاش لە سەردەمی ئێمەدا رێبازی هیستۆریسیزمی شێتئامێزانەی هێگل وەکو ئەو هەوێنەیە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی خێرای تۆتالیتاریزم . نزیکەی تەواوی تێگە

گرنگەکانی تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیی راستەوخۆ لە هێگلەوە بە میراتی ماونەتەوە)) . ئەم تێگانە بریتین لە: ناسیۆنالیزم لە واتا رەگەزپەرستییەکەیدا. بەرزڕاگرتنی دەوڵەت و جەنگ، لادانی دەوڵەت لە بەرپرسارێتی مۆراڵی، یەکێتی ستەم و ماف، ستایشکردنی رێبەران و کەسێتی جیهان-مێژوویی . سەرەنجام پۆپەر دەربڕینەکەی شۆپێنهاوەر بەمجۆرە دەهێنێتەوە: ((ئەگەر رۆژێک گەرەکت بوو گەنجێک گەمژە بکەیت و توانستی هەرجۆرە لێهزرینێکی بە تەواوەتی لێوەربگرییەوە، باشترین رێگە ئەمەیە کتێبەکانی هێگلی بدەیتێ بیخوێنێتەوە)) .

واپێدەچێت داوەریکردنەکەی پۆپەر سەبارەت بە مارکس، لە بەرانبەر بە بۆچوونە وروژێنەرەکانی لەبارەی هێگل، هاوسەنگتر و بێلایەنانە و تەنانەت هاوڕایانە بێت. هەڵبەتە ئەو جیاوازی دادەنێت لە نێوان لێهزرینەکانی مارکس و مارکسیزمدا. بە تێڕوانینی پۆپەر مارکسیزم ((پەتیترین، پەرەسەندووترین و ترسناکترین فۆرمی هیستۆریسیزم بووە)) . بە تێڕوانینی ئەو سەرچاوەی هزری مارکسیزم و فاشیزم هەردوویان یەک شتە، هەرچەندە ((مارکس ]تیۆرییەکەی خۆی[ تاقیکردەوە و لەتەک ئەوەی لە تیۆرییە سەرەکییەکانی بەهەڵەدا چوو، ئەوا تاقیکردنەوەکەی بێهوودە نەبوو)) ، بەڵام ((مارکس لەتەک بوونی هەموو شایستەییەکانی، ئەوا پێغەمبەرێکی درۆزن بوو. ئەو پێشبینی رەوتی مێژوویی کرد و پێشبینییەکانیشی راست دەرنەچوون... ئەو دەیان کەسی هۆشمەندی گومڕا کرد و باوەڕی پێهێنان بەوەی رێگەی زانستیانەی بەریەککەوتن لەتەک گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشبینییەکی مێژووییە . ئەو بەهۆی ئەو فێربوونەی لە فێرگەی هیگلدا دەستی کەوتبوو، بە سەختی کەوتە ژێر کاریگەری جیاوازی دێرینی نێوان نۆمینا(شت لەخۆدا) و دەرکەوت و جیاوازی نێوان جەوهەری و ناجەوهەری . ئەو پێشکەوتنەی وایدادەنا سەبارەت بە هێگل (و کانت) بەرهەمیهێناوە ئەمە بوو، کە نۆمینا یان ریالیتی لەتەک جیهانی ئەستووییدا، وەکو مێتابۆلیزمی مرۆڤ، بە یەک شتی دادەنا و دەرکەوت یان دیاردەی بەیەک شت دەزانی لەتەک جیهانی ئیدێکان)) . بە تێڕوانینی پۆپەر ((مارکس جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە لە نێوان مێتۆدی تەواو هیستۆریسیزمیانەی خۆیی و هەرجۆرە شرۆڤەیەکی ئابووری بە مەبەستی پرۆگرامسازی ئاوەزمەندی، وێکچوویی بوونی

هەیە))  و ئەمەش بنەڕەتی لەبەرچاونەگرتنی گرنگی سیاسەتە. ((تیۆرییەکەی ئەو مارکس سەبارەت بە ناتوانایی هەر بەشێکی سیاسەت و باوەڕیشی لەبارەی دیموکراسی ]وەکو فۆرمێکی دیکتاتۆری چینایەتی[ بە تێڕوانینی من نە تەنها هەر هەڵەیە، بەڵکو هەڵەیەکی کوشندەیە . بەپێی تیۆرییەکەی مارکس خۆی ]بە پێچەوانەی مارکسیستەکان[ ئێمە ناتوانین داکەوتی ئابووری بە خواست و ویستی خۆمان بگۆڕین، وەکو ئەوەی لە ریفۆرمیزمی مافدا دەتوانین. سیاسەت جگە لەمە شتێکی دیکە نییە، کە «ژانی لەدایکبوون کورتتر و ئاسانتر بکات» . لە دەرەنجامدا ئەو تێڕوانینە کەمئامێزەی مارکس سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسیی هەیبووە، نە تەنها لە داڕشتنی تیۆرییەک لەبارەی گرنگترین ئامرازی پۆتێنسیال(هێزەکی)ی باشترکردنی رەوشی هەژاران، بەڵکو لە گەورەترین مەترسی هێزەکی بۆ ئازادی مرۆڤیش خۆی خافڵ کردووە. تێڕوانینی سادە و ساکارانەی ئەو لەبارەی ئەوەی لە چڤاتی بێچین دا دەسەڵاتی سیاسیی هیچ رۆڵێکی نییە و دەوڵەت ئەرکی خۆی لەدەستدەدات و «دەژاکێت و وشک دەبێتەوە» بە روون و ئاشکرایی نیشانیدەدات، کە هەرگیز لەوە تێنەگەیشتووە دەسەڵاتی سیاسیی دەتوانێت چ کارێک بۆ خزمەتی ئازادی و مرۆیی بکات و گەرەکە بیکات)) .

بە تێرڕوانینی پۆپەر پێشبینیکردنی دەرکەوتنی چڤاتی بێچین، نە تەنها لەتەک ئەو پێشەکیانەدا ناگونجێت، کە مارکس خستوونیەتە روو، بەڵکو ((بۆ زۆرێک لە خەڵکی جۆرێکە لە هەڵاتن، رێگەیەک دروست دەکات بۆ هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییەکانی هەنوکە و سپاردنی بە بەهەشتی ئایندە)) . زیانبارترین تۆخم لە مارکسیزمدا، لە روانگەی سیاسەتی پراکتیکییەوە، هەمان پێشبینیکردنی شۆڕشێکی توندوتیژئامێزە . بە تێڕوانینی پۆپەر ((هۆکاری نشوستهێنانی ئەو ] مارکس[ لە پلەی پێغەمبەری و پێشبینیدا، هەژاری رێبازی هیستۆریسیزمەکەیەتی، واتا ئەم داکەوت(واقعیت)ەی ئەگەر ئەمڕۆ سەرنجی شتێک بدەین، کە وەکو مەیلێک یان پرۆسیسێکی مێژوویی دەردەکەوێت، ناتوانین بزانین ئایا سبەینێش وەها دەردەکەوێت یان نا)) . لەتەک ئەمەدا، پۆپەر سەبارەت بە لێهزرینەکانی مارکس لایەنی راست لە دەست نادات و رایدەگەیەنێت: ((لە ناکۆکی نێوان ئایدیالیزم و ماتەریالیزم دا زێتر لەتەک مارکسدا هاوڕام. ئامانجی من نیشاندانی

ئەم پنتە بوو، کە لێکدانەوەی ماتەریالیستییانەی مارکس بۆ مێژوو ، لەتەک هەموو ئەو بەهایانەی دەشێت هەیبێت، ئەوا نابێت زۆر بە جدییەوە وەربگیرێت)) . هەروەها دەبێژێت: ((بە تێڕوانینی من باوەڕ(ایمان)ی مارکس لە بنەڕەتدا باوەڕ بوو بە چڤاتی کراوە . بەپێی پرەنسیپە مۆراڵییەکانی مارکس، تێگەکانی وەکو ئازادی و یەکسانی لە هەموو شتێک گرنگتر بوون)) . ]تەنانەت[ ((کاریگەری مارکس لە ئاینی کریستیانیدا ]لە روانگەی ریفۆرمە مۆراڵییەکانەوە[ لەوانەیە بتوانین بەراوردی بکەین لەتەک کاریگەری لۆتەر لە ئاینزای کاتۆلیکیدا... مارکسیزمی سەرەتا بەو وردبینی و شێلگیرییە پراکتیکییەی لە پرسە مۆراڵییەکاندا دەیکرد و هەروەها ئەو جەختکردنەوەی، کە لەسەر کردەوە دەیکرد، نەک قسە، لەوانەیە گرنگترین هزری چاکسازی رۆژگاری ئێمەی ختسبێتە روو)) . بە تێڕوانینی پۆپەر ((ئەگەر لە ]مارکس[یان پرسیبا: ئایا ئێمە دەبێت دروستکەری چارەنووسی خۆمان بین، یان تەنها باوەڕ بە پێشبینییەکەی بکەین؟ ئەو دروستکاری بەسەر پێشبینیدا قبوڵدەکرد)) . لەتەک هەموو ئەمانەدا پۆپەر لە شرۆڤەکردنی کۆتاییدا تێڕوانینی وایە، کە ((لە نێوان ئاکتیڤیزمی مارکس و باوەڕبوونی بە هیستۆریسیزم گرفتێکی گەورە هەیە و تیۆرییەکەیشی لەبارەی ئەمەی چارەیەکی دیکە نییە، جگە لە خۆدانە دەست هێزە نائاوەزییەکانی مێژوو، ئەوا ئەم گرفتە بەرفراوانتر دەکات . مارکس هیستۆریسیزمی لە هێگل وەرگرت، بەڵام دواتر بەم ئەندازەیە بەسی نەکرد و مۆڵەتی ئەوەی دا هیستۆریسیزم زاڵبێت بەسەر ئاکتیڤیزمدا ]یان بە باوەڕی ئەو بە کاریگەری کردە[)) .

بە شێوەیەکی پوخت گرنگترین بانگەشەی مارکسیزم ئەمەیە، کە مێژوو و چڤات ملکەچی یاسا زانستییە ناچارەکییەکانن و دەشێت لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە ئاییندەی مێژوو و چڤاتی مرۆیی پێشبینی بکەین. هەنگاوی دژ بەم کردەی ئەم یاسایانە نەشیاوە، واتای سۆسیالیزمی زانستی لە بەرانبەر سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی هەر ئەمەیە. هەڵبەتە پۆپەر هزری مارکس بە یۆتۆپیایی ئەژمار ناکات، هەرچەندە مارکسیزمی سەدەی بیستەم لە فۆرمی کۆمیونیزمدا وەها تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە. ئەو زانستیبوونەی هزری مارکس رەتناکاتەوە، واتا بە سەرنجدانی ئەوەی خاوەن ناوەڕۆکێکی یاسامەندە، بە پووچەڵنەشیاوی نازانێت.

بەم هۆیەوە بە تێڕوانینی ئەو دەبێت بیروباوەڕەکانی مارکس تاقیبکرێنەوە، کە تاقیکراونەتەوە و بە گشتی پووچەڵ و ڕەتکراونەتەوە. بەمجۆرە، بەپێچەوانەی تێڕوانین و پێشبینییەکانی مارکس، کۆمیونیزم لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان دەرنەکەوتووە، پرۆلیتاریا ڕۆڵی نەبووە لە شۆڕشە کۆمیونیستییەکانی سەدەی بیستەمدا، کرێکاران لە چڤاتە پیشەسازییەکاندا پۆشتەتر بوون و ئاگایی چینایەتیان لەدەستداوە. چڤاتی سەرمایەداری پێشکەوتوو لە نێوان دوو جەمسەری بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا دابەشنەبووە، بەڵکو چینی ناوەڕاست گەشەی سەندووە، کەواتە تیۆری زانستی مارکس پووچەڵبووەتەوە. ((مارکسیزمی زانستی مرد، بەڵام دەبێت دوو شت تێیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە: یەکێکیان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئەوی دیکەیان خۆشەویستی بۆ ئازادی)) .

بە تێڕوانینی پۆپەر مارکسیزم تەنها نموونەیەکە لە تیۆریاکانی هیستۆریسیزم. بەهۆی ئەمجۆرە تیۆریانە مێژوو بەگوێرەی یاسا ناچارەکی و دێتێرمینییەکان چەند قۆناغێک دەبڕێت و بەگوێرەی هەمان ئەو یاسایانە، ئایندەی چڤات شیاوی پێشبینیکردنە. هەموو ئەو تیۆریانەی لە هەوڵی دۆزینەوەی ئاراستە ناچارەکییەکانن لە پرۆسیسی مێژوودا، ئەوا هیستۆریسیزم(مێژووگەرایی)ن. لە وەها تێڕوانینێکدا مێژوو گشتێکە، کە بەشەکانی بەگوێرەی یاسا هەمەکییەکانەوە بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە. لە تێڕوانینی پۆپەردا ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕییەکان هەم هیستۆریسیزم و هەم هۆلیست(گشتگەرا)ن . لەوێشەوە کە مێژوو بە هاوتای پلان و نەخشە دەزانن، ئەوا ئامانج یان یۆتۆپیایشی بۆ وێنادەکەن. بە تێڕوانینی پۆپەر تیۆریاکانی هیستۆریسیزمی مێتافیزیکی و فەلسەفەیی و زانستی هەموویان یەک تۆخمن. بە پێچەوانەی ئەمجۆرە تیۆریانە، پۆپەر پێیوایە وەرچەرخانی مێژوو ملکەچی یاسا دێتێرمینییەکان نییە، بەڵکو دەرەنجامی هەوڵدانی ئێمەیە بۆ شیکاری پرسیارەکان و چارەسەری کێشەکان. مێژوو خۆی لە خۆیدا داهێنەری مەبەست و ئامانج و ئاراستەیەک نییە، بەڵکو کارەکانی ئێمە ئەم جۆرە شتانەی پێدەدات. هەڵبەتە گەشەسەندن و وەرچەرخانی مێژوو، ملکەچی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زانستی ئێمەیە، بەڵام شێوەی پەرەسەندنی زانستی ئێمە لە ئایندەدا شیاوی پێشبینیکردن نییە. هەرکەسێک بتوانێت ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ئامرازە زانستیانەی

هەن دۆزینەوەکانی سبەینێ پێشبینی بکات، هاوکات دەستی بەو دۆزینەوانە دەگات، و ئەمە بە واتای کۆتایی پرۆسیسی گەشەسەندنی زانینە و ئەگەرنا لە بنەڕەتدا بە دۆزینەوە ئەژمار نەدەکران. لە پەراوێزی ئەم ئێگە هەمەکییەدا، نەشیاوبوونی پێشبینیکردنی وەرچەرخانەکانی چڤات و پرۆگرامسازی تەواو بۆ چڤات هەیە. کارەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، و کاری سیاسیی بەتایبەتی، کاریگەری وای هەیە، کە لە دەرەوەی نیازی سەبژێکنەکەیە (یان بکەرەکەیە).

لە تێڕوانینی رەخنەگرانەی پۆپەردا، تێڕوانینە یۆتۆپیایی یان شۆڕشگێڕییەکان بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی پشت بەستە بە نازانست، یان لێهزرینی نائاوەزمەندی. لەم رووەوەیە، کە هەوڵدان بۆ بەدەستەبەرکردنی ئایدیۆلۆژییە هۆلیست و یۆتۆپیایی و هیستۆریسیزمەکان کارەساتبار و زیانبارە. بەمجۆرە هەر یاسایەکی سروشتی ناجەختی و پووچەڵشیاوە، یاسا و گریمانە چڤاتۆلۆجییەکانیش ، تەنانەت ئەو کاتەی بەڵگەی سەلمێنەریشیان هەیە، هەر دەبێت بکەونە بەردەم ئەزموونی پووچەڵکردنەوەوە. هەر لێرەوە دەردەکەوێت هاتنەئارای خواسنە یۆتۆپییەکان بۆ ئاواکردنەوەی تـەواوی چڤات لە رووی لۆجیکییەوە نەشیاوە. ((بە بەڵگەیەکی زۆرەوە ناتوانین تەواو یان بە نزیکەیی تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رێکبخەین، لانیکەم لەبەر ئەوەی پراکتیزەکردنی هەر سیستەمێکی تازە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆمەڵێک پەیوەندی نوێ دادەهێنێت، کە دیسانەوە دەبێت رێکبخرێنەوە)) . کاتێک روانینی یۆتۆپیایی بۆ ئەندازیاری کۆمەڵایەتی لە رووی لۆجیکییەوە نەشیاوە، ئەوا لە کەموکورتی و نەسازی تێڕوانینە هۆلیستەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەم زانستانە تایبەتمەندی هەڵبژاردن و هەندەکی بینینەکان لەبەرچاو ناگرن، و لێکۆڵینەوەی چڤاتی وەکو گشتێک دادەنێن.

پۆپەر لە نێوان دوو رێگەچارەی ئەندازیاری یۆتۆپیایی ،یان هۆلیست و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە، تەنها دووەمیان بە شیاو دەزانێت. باوەڕداران بە یۆتۆپیا ((ئەوەی لە بنەڕەتدا پلە بەپلەیە بێتێبینیکردن و نەزانانە بەکاردەهێنن)) . ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست یان یۆتۆپیایی، تیۆرییەکە لەبارەی چڤات و بەشە دیاریکارەکانی لە پشتەوەیە، کە سەرەنجام پشت بەستە بە گومان. لە بەرانبەردا،

ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە دەبێت هەلومەرجی پێویست لە روانگەی ئەزموونییەوە لەبەرچاو بگرێت. ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەبێ توانستی رەخنەگرتن لە ئامانج و مێتۆدەکانی ناکاریگەرە. ((پێشکەوتن بە گشتی وابەستەیە بە هۆکارە سیاسییەکانەوە، واتا پەیوەندی بەو دامەزراوانەوە هەیە، کە پارێزەری ئازادی هزرن)) . دەبێت توانستی رەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەر جۆرە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی پارێزراو بێت. ئەم تێگەیە بەو جۆرەی بینیمان، دەرەنجامی تیۆرییەکەی پۆپەرە سەبارەت بە گەشەسەندنی زانست وەکو پرۆسیسی لابردنی هەڵە. سەرباری ئەمە، رەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت لەبەر چەند هۆیەکی دیکە پێویستییە و لەوانە، کە کاری سیاسی هەمیشە دەرەنجامی ناخواستە دەخاتەوە. پۆپەر چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە لە پێوانە فراوانەکەیدا بۆ رەتکردنەوەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست(گشتگەرا): یەکەم لەم جۆرە ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەدا، لەبەر ئەوەی بەردەوام هەنگاوی فراوان و گشتگیر ئەنجامدەدرێت، ناتوانین بە ئاسانی دیاریبکەین، کە کام یەکێک لەم هەنگاوانە لە بەرهەمهاتنی دەرەنجامەکاندا کاریگەر بووە. کەواتە ئەمجۆرە مێتۆدە دەستخستنی زانینی ئەزموونگەریانە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەشیاو دەکات. بە تێڕوانینی پۆپەر تەنانەت ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلەش، هەمیشە نابێتە هۆی دەستخستنی زانینی ئەزموونگەری پێویست لەبارەی چۆنیەتی چاککردنەوە. ((زۆرێک لە تاقیکردنەوە زۆر خوازراوەکان، لەتەک ئەوەی یۆتۆپیایی نین و ناوەڕۆکێکی پلە بەپلەیان هەیە، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر لە سنووری خەون و خەیاڵدا دەمێننەوە. لە پراکتیکدا (ئەندازیاری کۆمەڵایەتی) گەرەکە بە گشتی پشت بەست بێت بەو تاقیکردنەوانەی، کە لە هۆشدا تاقیکراونەتەوە)) ، بەڵام ئەمە بەم واتایە نییە مێتۆدێکی باشتر وێناکرابێت لە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە. دووەمیان ئەمەیە کە بە تێڕوانینی پۆپەر پرۆگرامسازی و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست، یان یۆتۆپیایی ناتەواون، و یان بە دەربڕینێکی باشتر، ناتوانن رێگربن لە بەردەم دژایەتیکردنی ئامانجەکانی خۆیان. بە گشتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنەوەی هەمەکیانەی چۆنیەتی لەتەک چەندین دژایەتی فراواندا رووبەڕوو دەبێت، لەبەرئەوەی لەتەک بەرژەوەندییە جێگرەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەریەکدەکەون. سەرباری

ئەمە کۆدەنگبوون لەبارەی ئامانجەکانی ئەمجۆرە هەنگاوە یۆتۆپیایی و هۆلیستانە زۆر دوورە. لە دەرەنجامدا ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی یان شۆڕشگێڕان گەرەکە نەیارانیان سەرکوت بکەن، و یان بێدەنگ و ملکەچیان بکەن. لەم رووەوە حکومەت ناوەرۆکێکی ئۆتۆرێنەخوازانە وەردەگرێت و ناچار دەبێت دژایەتی هەرجۆرە رەخنەگرتن و نەیارییەک و ئۆپۆزیسیۆنێک بکات. وەها حکومەتێک پەیوەندی خۆی لەتەک چڤات لەدەست دەدات ، تەنانەت ناتوانێت لە سنووری گونجاندنی پرۆگرامە رەچاوکراوەکانی خۆی تێبگات. سەرەنجام شۆڕشگێڕان دەگۆڕێن بۆ چینی ئەریستۆکراتی نوێ و ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە بۆ داپۆشینی سەرمافییەکان(امتیازات)ی خۆیان بەکار دەهێنن: ((ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕی دەبێت بە تلیاکی گەلان)). شۆڕشگێڕان کاتێک بۆ رزگارکردنی رۆژەڤە شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییەکانی خۆیان دەستەڵاتێکی تەواو بەدەستەوە دەگرن، بۆ پاراستنی ئەوە دەست بە هەنگاونانی خێرا یان پرۆگرامسازی پرۆگرامنەسازاو دەکەن. بەمجۆرە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی یۆتۆپیایی، ناچارەکیانە نشوست بە ئامانجەکانی خۆی دەهێنێت.

ئایدیۆلۆژییە یۆتۆپیایی و شۆڕشگێڕییەکانیش، کە لە هەوڵی دامەزراندنی جیهانێکی رەوان و بێ وێنە و خەیاڵین، لەبەرئەوەی شتی نوێ و بێوێنە بە تەواوەتی نەشیاوە، هەر ئایندەیەک بنەڕەتی لە ئێستا و رابـردوودا هەیە. ئاواکردنی (یان دامەزراندنی) یۆتۆپیای بێوێنە نەشیاوە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو کارەی ئێمە دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەمەیە، کە لەسەر رەوشی ئامادە کار بکەین و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەین. شۆڕشگێڕان و باوەڕدارانی یۆتۆپیا بە گۆڕانکاری هەندەکی ناڕەزامەندن، و خوازیاری گۆڕانکاری هەمەکی پێکهاتەی چڤاتن. بە دەربڕینێکی دیکە، دەرگیری  ئەو دژوازییەن کە گەرەکیانە بەر لەوەی شتێک لە هەندەکییەتدا گۆڕان پێبدەن، دەخوازن تەواوی رژێم بگۆڕن. سەرباری ئەمە، شۆڕشگێڕان و لایەنگرانی یۆتۆپیا پروپاگەندەی ئەوە دەکەن، کە زانیاری و زانینی تەواویان سەبارەت بە چڤات هەیە، کە ئەمە خۆی نەشیاو و وێنانەکراوە، هەروەها ئەم وێناکردنەش بێ بناغەیە، کە دەبێژێت مێژوو ئامانجی هەیە، لەبەر ئەوەی بەدەستهێنانی ئەوەی پێدەوترێت ئامانج، دیسان گۆڕانکاری

تێدا ڕوودەدات و ئامانجی دیکە دەخاتەوە، کەواتە مێژوو داخراو نییە، و ناتوانین ڕایبگرین. هەرچی زێتر بچینە پێشێ ئاسۆی نوێی دیکە دەکرێنەوە، و هیچ کاتێک ناتوانین بگەینە کەناری ئارامی و کۆتایی ئاسۆکە. پارادۆکسێکی دیکەیش هەیە و ئەویش ئەمەیە، کە شۆڕشگێڕەکان و خەیاڵەکانیان کاریگەر دەبن بە چڤات و ڕەوشی باو و ئەو شتەی بەشێک لە ڕەوشی باو ناشێت لەنێو ببرێت. ئاواکردنی چڤاتێکی تەواو نوێ و بێوێنە وابەستەیە بە وێرانکردنی ڕەوشی باو، بەڵام وێرانکردنی ڕەوشی زاڵ بە واتای نەشیاوبوونی هەر پراکتیزەکردنێکە، کەواتە جگە لە هەنگاوەکان و بزووتنەوە هەنگاو بەهەنگاو و پلە بەپلەکان (کە دەبنە هۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتی و بناغەییەکان)، ڕێگەیەکی دیکە بوونی نییە. تەنانەت ئەگەر بتوانین چڤات تەواو لەسەر بنەمای پلان و نەخشە ئاوابکەینەوە، دیسانەوە ئەمە لە دەستی پلاندانەران و نەخشەسازان دەترازێت و بەهۆی کاریگەری وەرچەرخانە ناچارەکییەکان دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێڕوانینی پۆپەردا گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕی و هەمەکی و ڕادیکالەکان لەو چڤاتانەی دامەزراوەیەکی پێویستیان نییە بۆ ڕەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت، زۆر دژوارە. ڕەوشی لەبار بۆ وەها ڕەخنەکردنێکی سیاسەت و حکومەت هاوتەریبە بە پرۆسیسی چارەسەرکردنی کێشە لە ڕێگەی لابردنی هەڵەوە لە زانستدا. لە ئێڕوانینی پۆپەردا ڕەوشی ڕەخنەی زانستی و لابردنی هەڵە تەنها لە حکومەتە دیمۆکراتیک و لیبراڵەکاندا هەیە و گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکان لەم هەل و مەرجانەدا کێشە و کەموکورتی دروستدەکەن.

### لەبارەی بەرگریکردن لە دیمۆکراسی و چڤاتی کراوە

بەوجۆرەی بە ڕۆشنی بینیمان، تیۆرییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پۆپەر لە تیۆرییە ئێپستمۆلۆجییەکەوە، کە بنەڕەتی فەلسەفەی زانستی ئەوە، سەرچاوە دەگرێت. بابەتی سەرەکی کتێبی چڤاتی کراوە و دوژمنانی بریتییە لەوەی، کە دەبێت بۆ بنەڕەتی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە لێهزرینەکان و تیۆرییە فەلسەفەییەکاندا بۆی بگەڕێین. بە ئێڕوانینی ئەو پرەنسیپی ڕەخنەگرانەی ئاوەزمەندی، کە لەبارەی تیۆریا زانستی و مێتافیزیکییەکاندا بەکار دەهێنرێن،

دەبێت بە هەمان ئەندازە لەبارەی تیۆریا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار بهێنرێن. بەڵگاندنەکانی هەردوو کتێبی چڤاتی کراوە و دوژمنانی و هەژاری هیستۆریسیزم لە تیۆریی ئێپستمۆلۆجی کتێبی لۆجیکیی دۆزینەوەی زانستی سەرچاوەیان گرتووە. رەخنەی ئاوەزمەندی وەکو ئەوەی بنەمای گەشەکردنی زانستە، ئەوا تایبەتمەندی سەرەکی چڤاتی کراوەیشە.

پۆپەر لە کتێبی چڤاتی کراوە و دوژمنانیدا بە شێوەیەکی سانا بەرگریدەکات لە دیمۆکراسی و یان بە دەربڕینێکی باشتر لە سۆسیال-دیمۆکراسی. لەسەر بنەمای فەلسەفەی مێتۆدۆلۆجی ئەو، واتا لابردنی هەڵە، باشترین شێوەی گەیشتن بە چڤات، باشترین چارەسەر پلە بەپلەی کێشەکانە، کە چڤات گرفتاری بووە. هەروەکو ئەوەی لە زانستدا پێشکەوتن پێویستی بە رەخنەکردنی هەمیشەیی هەیە، ئەوا لە سیاسەت و چڤاتیشدا رێگەی گەشەکردن و پێشکەوتن بەستراوە بە ئازادی رەخنەکاری و خستنەڕووی پێشنیارەکان و رێگەچارە جۆراوجۆرەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستەبەرکردنی گۆڕانکاری بەپێی ئەو بنەمایانە. نهێنی پێشکەوتنی دیمۆکراسیيەکانی خۆرئاوا لە سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو دیمۆکراسیانەدا نادۆزرێنەوە، بەڵکو لە پێشزەمینەی ئازادی هزرین و رەخنەکاریدایە. بە دەربڕینێکی دیکە، دیمۆکراسی هۆکاری سەرەکی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری خۆرئاوا بووە. دیمۆکراسی توانستی ئەمە دەستەبەر دەکات، کە سیاسەتەکانی دەوڵەت وەکو گریمانەیەکیان لێبێت و دەبێت بەردەوام دەستکاری و ریفۆرمیان تێدا بکرێت. سیاسەتڕێژی خۆی لەخۆیدا لەخۆگری هەندێک پرسی پێشبینی نەکراوە و هەرچی هزرینی پێشوەخت و لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتن لەبارەی ئەوە زێتر بێت، ئەوا توانستی سەرکەوتنی زۆرە. رەخنەگرتن شیمانەی لابردنی هەڵە زۆر دەکات. لە سیاسەتڕێژیدا تەنها نیازپاکی بەس نییە و بڕیارە سیاسییەکان گەرەکە بەردەوام تاقیبکرێنەوە، نە بەو مەبەستەی ئاستی سەرکەوتنیان دەرکەوێت، بەڵکو بە مەبەستی دیاریکردنی ناتەواوی و نەسازییەکانیان. بە پێچەوانەوە سیاسەتڤانان بەگشتی جەخت لەسەر بەڵگەکانی سەرکەوتنیان دەکەنەوە و لە گەڕان بەدوای هەڵەکانی بڕیارەکانیان خۆیان دەپارێزن، ئەمەش خۆی گرنگترین هۆکاری شکستهێنانە. هەڵە لە بڕیارە سیاسییەکاندا،

هەر وەکو تیۆرییە زانستییەکان، کاتێک ئاشکرا دەبێت، کە ڕەخنەگرتن هەبێت و ئەمە خۆی پێویستی بە بوونی چڤاتی کراوە و پلۆرال هەیە. چڤاتی کراوە چڤاتێکە تێیدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بەگوێرەی ڕەخنەکارییەکان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. هەڵبەتە گۆڕان لە سیاسەتەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی بەردەوام پێویستی بە گۆڕانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتداران هەیە. لەم ڕووەوە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو و ئەگەری گواستنەوەی ئاشتیانەی دەستەڵاتی دەوڵەت لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە ،مەرجی بەدیهاتنی چڤاتی کراوەیە، کەواتە دیمۆکراسی تەنها بە واتای میتۆدێک، کە بەپێی ئەوە زۆرینە دەستەڵاتداران هەڵدەبژێرن، ئەوە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە نییە. لەوانەیە زۆرینەی خەڵکی، بەو جۆرەی لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕیدا ڕوودەدات، دەسەڵاتدارانێک هەڵبژێرن، کە دوژمنی چڤاتی کراوە، ڕێکخراوە سڤیلی و ئازادەکان و ڕەخنەکاری بن. وەها تێگەیشتنێک لە دیمۆکراسی تێگەیشتنێکی فۆرمالی(صوری)یە. لەوانەیە چڤاتی کراوە نەتەنها لە لایەن ستەمکاران و کەمینەکان زیانی بەربکەوێت، بەڵکو لەوانەیە لە لایەن زۆرینەوەش زیاندیدە بێت، کەواتە ڕاستییەکەی دەشێت لە بەرانبەر ئەم زۆرینانەش بەرگری لە چڤاتی کراوە و دامەزراوە ئازادە دیمۆکراتیکەکان بکرێت. لەبەر ئەوە ئەو دێماگۆگ و دیسپۆتیستانەی بە چەندین شێوەی تایبەتی جەماوەریان هاوڕێای خۆیان کردووە و بە ناوی پارێزگاریکردن لە خەڵکی چڤاتی کراوە و دامەزراوە دیمۆکراتیکییەکانیان لەنێو بردووە. هەڵبەتە مەرجی سەرەکی چڤاتی کراوە تۆلێرانسی (لێبوردەیی) سیاسییە. لەتەک ئەمەدا، لێبوردن لەهەمبەر ئەو گروپانەی ئانتی تۆلێرانس(دژەلێبوردەیی)ی دیمۆکراتیکن خەسارە بە بنیادی چڤاتی کراوە دەگەیەنێت. کەواتە لە کاتی ناچاری و بوونی هەڕەشەی ترسناک، دەبێت دوژمنانی تۆلێرانس و هەوادارانی کاری توندوتیژی سەرکوت بکرێن.

لە ڕوانگەی سیاسەتە ئابوورییەکانەوە، پۆپەر لایەنگری جۆرێک سۆسیال-دیموکراسییە. بە تێڕوانینی ئەو ئازادیی ئابووریی بێ سنوور و گەڕەلاوژە خەسارە بە ئازادی و دیمۆکراسی دەگەیەنێت. پۆپەر بەرگری لە دەوڵەتی خۆشگوزەران و ئاواکردنی (یان بیناکردنی) دامەزراوەکان دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە چینەکانی خوارەوە و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا. بە تێڕوانینی ئەو دەستێوەردانی

دەوڵەت لە ئابووریدا هەرچۆنێک بێت کردەیەکی ناچارەکییە. دەوڵەت هەر هەڵویستێک وەربگرێت، چ دەستێوەردان و چ جگە لەوە، ئەوا جۆرێکە لە دەستێوەردان لە کاروباری ئابووریدا. هەرچۆنێک بێت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئازادی تەواوی بازاڕ بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەوڵەتیش دەستنێوەرنەدات، ئەوا مۆنۆپۆلیستەکان هەلومەرجەکانی کێبەرکێ بە تەواوی لەنێو دەبەن. بە کورتی دەوڵەت دەبێت بۆ دابینکردنی ئازادیی ئابووریی هەمووان، بەرنامەڕێژی و دەستێوەردان ئەنجامبدات. بە دەربڕینێکی دیکە، ئامانجی دەستێوەردانی ئابووریی دەوڵەت پێویستە گەرەنتی زۆرینەی ئازادیی ئابووری بێت. دەستێوەردانی کەمتر یان زۆرتر لە ئاستی پێویست بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، خەسارە بە ئازادی، واتا ئامانجی سەرەکی ژیانی سیاسیی دەگەیەنێت. لەم بارەیەوە پۆپەر هۆشیارمان دەکاتەوە ((بێگومان گەورەترین مەترسی دەستێوەردان-تایبەت دەستێوەردارنی ڕاستەوخۆ-ی زۆربوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و بڵاوبوونەوەی بیرۆکراسییە. شتێکی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی ئەمەیە کەمتر کەسێکی لایەنگرانی دەستێوەردان نەنگییەک لەم بابەتەدا دەبینن... گەرەکە هەم بۆ هێمنی و هەم بۆ ئازادی بەرنامەڕێژی بکەین، لەبەرئەوەی تەنها ئازادی هێمنی دابین دەکات)) .
بۆ دابینکردنی ئەم مەبەستە، دەسەڵاتی سیاسیی دەبێت پەرش و بڵاو بێت، لەبەر ئەوەی هەرجۆرە سێنترالیزەبوونێکی دەسەڵات مەترسی دیکتاتۆری هەیە. لەم ڕووەوە پرسی سەرەکی لە ژیانی سیاسییدا پەیوەست نابێت بە ناوەڕۆک و ژمارەی دەسەڵاتداران (بەمجۆرەی لە فەلسەفەی کۆندا خرابووە ڕوو)، بەڵکو پرسی سەرەکی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە و ڕێگەی نەهێشتنی دیسپۆتیزمیش ڕێگرتنە لە پراکتیزەکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە. پرسی سەرەکی بریتییە لە ((چۆن دەتوانین دامەزراوە سیاسییەکان وەها ڕێکبخەین، کە نەتوانن دەسەڵاتدارە خراپەکان، یان ناشایستەکان نەتوانن خەسارە بە چڤات بگەیەنن)) .

لە کایەی سیاسەتیی ئابووریدا دروشمی پۆپەر لە بەرانبەر تێڕوانینی لایەنگرانی سوودمەندخوازی، کە بەرگریان دەکرد لە زۆرترین شادی بۆ زۆرینەی تاکەکان، ئەمەیە دەبێت هەژاری و بەدبەختی خەڵکی نەهێڵین. بە دەربڕینێکی دیکە، پێویستە لە جیاتی هەوڵدان بۆ ئاواکردنی یۆتۆپیا، هەوڵی نەهێشتنی

کەموکورتییە باوە کۆمەڵایەتییەکان بدەین. پۆپەر لە کتێبی چڤاتی کراوە و دوژمنانیدا وەها دەبێژێت: لە نێوان هەموو ئایدیالە سیاسییەکاندا لەوانەیە ئایدیالی شاد و خۆشبەختکردنی خەڵکی مەترسیدارترین ئایدیال بێت. ئەمجۆرە ئایدیالە ئامانجەکەی دەگۆڕێت بۆ سەپاندنی بەها باڵاکانی ئێمە بەسەر خەڵکانی دیکەدا، بۆ ئەوەی ئەوان لەوە تێبگەن، کە ئەوەی بە تێڕوانینی ئێمە زۆرترین گرنگی هەیە بۆ بەختەوەرکردنیان... وەها ئایدیالێک دەگۆڕێت بۆ یۆتۆپیانیزم (یۆتۆپیاگەرایی) و ئاراستە رۆمانتیکییەکان. ئێمە دڵنیاین هەمووان لە چڤاتی تەواو و جوان و ئەندێشەیی (خیالی) ئێمەدا خۆشبەخت دەبن، بەڵام هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەهەشت لەسەر رووی زەوی، دەبێتە هۆی دامەزراندنی دۆزەخ، دەبێتە هۆی هەڵەکردن، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئاینزایی، و بە دابینکردنی رزگاربوون لە رێگەی دەستەبەرکردنی، ئەوا دەزگای ئەنگیزاسیۆن (پشکنینی بیروڕا)ی لێدەکەوێتەوە)) .

بە تێڕوانینی پۆپەر شێوەی دروستکردنی یۆتۆپیا و دابینکردنی خۆشبەختی تەواو بۆ خەڵکی شتێکی نەزانراوە، بەڵام شێوەی کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەموکوڕی و زیانە کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێک زانراوە. نەهێشتنی بەدبەختی و زیان پاڵنەرێکی پراکتیکی و سۆزداری بەهێزتر لای ریفۆرمیستە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات، نەک دابینکردنی خۆشبەختی و کامەرانی، کەواتە لە جیاتی قسەکردن لەبارەی دابینکردنی زۆرترین شادی بۆ زۆرینەی خەڵکی (بە شێوازەکەی بێنتهام)، دەبێت قسە بکرێت لەبارەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی زۆرترین رەنج و بەدبەختی زۆرینەی خەڵکی.

لەبارەی پەیوەندی نێوان لۆجیکیی فەلسەفەی زانست و ئێپستمۆلۆجیی پۆپەر لەتەک هـزرە سیاسییەکەی چەندین بۆچوونی ناکۆک بوونی هەیە. رەخنەگرانی پۆپەر بڕوایانوایە تیۆرییە زانستییەکەی شۆڕشگێڕییە (بەو واتایەی جەخت لەسەر پووچەڵکردنەوە دەکاتەوە)، لە کاتێکدا تیۆری ئەندازیاری پلە بەپلەی ئەو ریفۆرمیستانەیە. بۆ نموونە یەکێک لە رەخنەگرانی بە ناوی مایکل فریمان بڕوایوایە ئێپستمۆلۆجیی پۆپەر پووچەڵشیاوە، بەڵام فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی دۆگماتیستیانەیە. بە تێڕوانینی فریمان ((لە ئاستی ئێپستمۆلۆجیدا، رەخنەی پۆپەر

لە یۆتۆپیانیزم ئەوەیە، کە وەها تێڕوانینێک یاساکانی زانست رەت دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی تێڕوانینی خۆی یاسا زانستییەکان هەمیشە ناجەختن و ناکۆتان. ئەمە خۆی لە دوو لایەنەوە رەخنەی یۆتۆپیانیزم لاواز دەکات: یەکێکیان دانانی هەر تیۆرییەکیی کۆمەڵایەتی بە یۆتۆپیا گەرەکە هەمیشە ناجەخت (نایەکلاییکەرەوە) بێت، و دووەم ئەمەیە لەبەر ئـەوەی پۆپەر خۆی ئەمە دووبـارە دەکاتەوە مەرجی گیانی زانستیانە بەدەستهێنانی بەردەوامی بەڵگە پووچەڵکارەکانی یاسا ناجەختەکانە، پێدەچێت تیۆرییەکەی ئەو لەبارەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زانست و زانین تاقیکردنەوە یۆتۆپییەکان یاساغ نەکات، بەڵکو لەوانەیە هانیشیان بدات)) .

ئێرنێست گێلنەر، یەکێکی دیکەیە لە رەخنەگرانی، بڕوایوایە ((لە نێوان فەلسەفەی زانست و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکەی پۆپەر هەم هاوسەنگی و یەکێتی و هەم ناهاوسەنگی و گرژی بوونی هەیە. فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی لایەنگری فەزیلەتی کرانەوەیە، کە هاوتای کۆمەڵایەتی پووچەڵشیاوە... بەڵام گرژییەکی دیاریش بوونی هەیە، لە زانستدا کرانەوە بە واتای زۆرترین خۆ لەقەرەدانی مەترسی، بەڵام لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا پێچەوانەکەی رێپێدراوە)) .

**سەرچاوە:**

حسین بشیریە: تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم (لیبرالیسم و محافظـەکاری)، جلد دوم، چاپ هشتم، نشرنی، تهران، 1387، فصل اول و فصل دوم.

## کارڵ پۆپەر و بیرۆکەی دادپەروەری

**و: سەڵاح سەدباری**

پۆپەر بە دەرکەوتنی حکومەتە تۆتالیتار و پاوانخوازەکان لە ئەورپادا، دوو بەرهەمی گرنگی خۆی واتە « کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی» ، هەروەها « هەژاری مێژووگەری» کە شادەماری فەلسەفەی ناوبراو پێکدێنن، بڵاو کردەوە. ئەم دوو بەرهەمە، هەوڵەکانی ناوبراو بۆ بەرگری کردن لە ئازادی، دژایەتی لەگەڵ شەڕ و وەلاتانی بیرۆکە سیاسیە پاوانخواز و خۆسەپێنەکان پێشاندەدەن. پۆپەر ئەو بیرمەندانەی کە بە بیرۆکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی کردەکی لە خزمەت پاوانخوازان و رێگە کردنەوەی دەسەڵاتە زۆردارەکاندا بوون، بە «پێغەمبەرانی درۆ» ناو دەبات و پێداگری دەکات ،کە ئێمە پێویستە بۆ رەخنە گرتن لە میراتی کلتووری خۆمان، بە روونی قسە بکەین و لە نەریتی بەرگریکردن لە گەورە پیاوانی خۆمان دوور بکەوینەوە، چونکە زۆرێک لەوان لە رێگای گەیشتن بە ئازادی و عەقڵ، دوچاری هەڵەی گەورە بوون و زاڵبوونی بیرۆکەکانیان، هێشتا مایەی گومرایی زۆرێک لە مرۆڤەکانە. «پێغەمبەرانی درۆ» لە بەرهەمەکانی پۆپەردا زۆر بە وردی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ و سەرەنجام لە بەرامبەر قازی دادگای عەقڵدا خۆیان دەبیننەوە. ئەفلاتۆن و هێگڵ دوو لەو بیرمەندانەن کە پۆپەر بە شایانی سەرزەنشت کردنی توندیان دەزانێ و بیرۆکەکانیان بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئازادی و سەرکەوتنی دەسەڵاتە پاوانخواز و تۆتالیتێرەکان ناودێر دەکات.

پوپەر مارکسیزمیش لە راستای هەوڵدان بۆ پێکهێنانی جیهانێکی باشتر، بە یەکێک لە خەتا گەورەکانی مرۆڤ دەژمێرێ و لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مارکسدا وەبیر دێنێتەوە کە پێشبینییەکانی ناوبراو لە بارەی داهاتووی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا بە هەڵە دەرچوون و ئەو بیرۆکەی ناوبراو کە بە پەرەسەندنی سەرمایەداری، کرێکاران، رۆژ لە دوای رۆژ دوچاری هەژاری و نەهامەتی دەبنەوە و چینە مامناوەندییەکانیش دێنە ریزی ئەوانەوە، نەهاتوەتە دی. بە بڕوای

پۆپەر، مارکس لەم بۆچوونەی خۆیدا دوچاری دژبەرییەتێکی دەروونی بوەتەوە، چونکە ناتوانرێ لە لایەکەوە بەردەوام بەرهەمهێنانی پتری کاڵا زیاد بکرێ و لە لایەکی دیکەوە بانگەشەی ئەوە بکەی کە بەردەوام هەژار و دەست کورت و بێنەواکان پتر دەبن؛ کەوابوو کێ قەرارە ئەم هەموو کاڵایە بەکار بێنێ؟ پۆپەر بە بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی دیموکراسی لیبراڵ هەڵدەستێ و جیا لە رەخنە گرتن لە کەم و کوورییەکانی، دەسەڵاتێکی لەو چەشنە بە دادپەروەرانەترین و باشترین دەسەڵات دەزانێ، کە تا بە ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتوەتە ئاراوە. بە بڕوای ناوبراو، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە بە درێژایی مێژوو وادەی بەهەشتی سەر زەوینیان بە مرۆڤەکان داوە، سەرەنجام بوونە دۆزەخ، بەڵام دیموکراسی تەنها پێکهاتەیەکە کە بە هەوڵ و ئیرادەی خودی خەڵک دەتوانێ بەردەوامی بە خۆی ببەخشێ. بە بڕوای پۆپەر، ئەگەر قەرار بێ جگە لە ئازادی، « دێموکراسی ئابووری» (دادپەروەری کۆمەڵایەتی)یش پێک بێت، هەر ئەم «ئازادییە بنەڕەتییە رەهایەیە» کە تەنیا گەرەنتیەتی. پۆپەر روونیدەکاتەوە ،کە مارکس لە بیرۆکەیەکی ساکارانەدا، دەوڵەت بە کەرەستەی سەرکوتی دەستی توێژی دەسەڵاتدار ناودێر دەکات و وادەی نەمانیشی لە کۆمەڵگایەکی بێ چیندا دەدا، بەڵام هەرگیز لە و رازەی ئازادی نێ نەگەیشت کە دەوڵەت لە دەستەبەر کردنی ئازادی و مرۆڤایەتیدا دەتوانێ کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئەنجام بدات. بە بڕوای پۆپەر، دەبێ لە رێگای جێگیر بوونی ئازادییەوە، دەسەڵات بەدەستەوە بگیردرێ و کەوی بکرێ، پاشان دەتوانرێ لە رێگای پێکهێنانی دامەزراوە گەلێک لە بازنەی پێکهاتەی دیموکراتیدا، بەسەر هێزی ئابووریشدا زال ببی و ببیە رێگر لەبەر دەمبەند کردنی مرۆڤەکان؛ بەڵام بە لە ناوچوونی ئازادی، تەنانەت یەکسانی لە نێوان کۆیلەکانیشدا نامێنێ.

ئەوەی کە بە روونی پێوەندی بە باسی دادپەروەرییەوەیە، کارڵ پۆپەر لە یەکەم بەرگی کتێبی» کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانیدا» لە ژێر ناوی «جادووی ئەفلاتون»، لێکۆڵینەوە لە سەر بیرو بۆچوونەکانی فەیلەسوفی کلاسیکی یۆنان دەکات و بە تایبەت لە «دادپـەروەری رەهادا» ناوبراو بە توندی شەرزەنشت دەکات. ناوبراو هەروەها وەبیری دێنێتەوە لە حاڵێکدا کە چەمکی دادپەروەری لە زەینی ئێمەدا، واتای دابەشکردنی یەکسانیخوازانە لە ئەرکی هاووڵاتی بووندا واتە،

دابەشکردنی سنوورەکانی ئازادی، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا و نالایەنگیر بوونی حاکمی دادوەری وەبیر دێنێتەوە، ئەفلاتۆن لەم چەمکەدا، تایبەتمەندی چینایەتی دەرک پێدەکات. بە بڕوای پوپەر دەرکەوتی مرۆڤ دۆستانە لە دادپەروەری بەو واتایەیە کە یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا بچەسپێ، تایبەتمەندی سروشتی وەلا بنرێن، تاکایەتی بپارێزرێ و سەرەنجام لە بەرگری لە ئازادییە سیاسیەکاندا بنەمایەک دادەنێ: بنەمای سەروتر بوونی سروشتی، بنەمای تەواوخوازانە و بنەمایەک کە بە هۆیەوە، پشتیوانی و بەهێز کردنی دەوڵەت ببێتە ئەرک و ئەمانجی تاک.

پۆپەر لە گەڕان بە دوای دەسەڵاتی دادپەروەرانەی سیاسیدا، ئەو پرسیارە کلاسیکییە ئەفلاتۆنیەی دەڵێ دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەوەی کە، چ کەسێک دەبێ فەرمانڕەوا بێ؟ بە پرسیارێکی نادروست دەزانێ. بە بڕوای ناوبراو پرسیاری لەم چەشنە بەندە بە روانگەیەکی پاوانخوازانەوە و وڵامێکی شێوە مەرجەعیانە دەخوازێ. هەر لەم رووەوە پرسیاری لەم شێوەیە، ولامگەلی کلاسیکیشی بەدوای خۆیدا هێناوە وەک: «باشترینەکان دەبێ حکومەت بکەن» یا « فرەزانەکان» یا لە باشترین حاڵەتدا زۆرینە دەبێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. پۆپەر پێیوایە کە جێگای سەرسووڕمان نییە گەر وڵامەکان نە تەنیا لەگەڵ خۆیان دژبەرییەتیەک پێکدێنن، بەڵکو لە دواتردا بە هۆی جۆراو جۆری هەڵێت و پڵێتی وەک: «دەسەڵاتی کرێکاران یا سەرمایەداران» و هتد دەگۆڕێن. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە بۆ پۆپەر لە بواری حکومەت کردندا، پرسیاری «چ کەسێک؟» لە ئارادا نییە، بەڵکو پرسیاری «چۆنییەتی» لە گۆڕێیە.

هەر لەم رووەوە ناوبراو لەبەرامبەردا پێشنیار دەکا کە باشترە پرسیارێکی لەخۆبوردووانەتر بخەینە جێگای پرسیاری کلاسیکی ئەفلاتۆن لە بارەی دەوڵەتەوە و ئەویش ئەوەی کە بپرسین: «دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی دامەزراوە سیاسیەکانی خۆمان بە شێوەیەک رێکبخەین کە بواری هێنانە ناوەوەی دەسەڵاتدارانی خراپ و نەشیاو کە زۆریشن بگەیەنینە لانی کەم» پۆپەر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بە بێ گۆڕانکاری لە پرسیاری ئاماژە بۆکراودا، هەرگیز ناتوانین بگەینە بۆچوونێکی عەقڵانی سەبارەت بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی و گەیشتن

بە دەسەڵاتێکی سیاسی دادپەروەرانە. بەم پێیە بە پێچەوانەی پرسیاری ئەفلاتۆنی لەم بارەیەوە کە «چ کەسێک پێویستە حکوم بکات؟»، بە لێبووردەییەوە بپرسین کە: «کام شێوازە لە دەسەڵات ڕێگامان پێ دەدا بتوانین دەسەڵاتێکی زۆردار و یا هەر دەسەڵاتێکی نارەوای دیکە بە بێ خوێنڕێژی وەلا بنێین؟». بەم شێوەی دەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین کە دیموکراسی ئەمرۆییش وەک دیموکراسی 2500 ساڵی بەرێ لە ئەسینا، هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێک کە پێویستە ڕێگر بێت لەبەر دەم زۆرداری.

پۆپەر وەبیر دێنێتەوە کە دیموکراسی بە واتای «دەسەڵاتی خەڵک» ناوێکی فریودەرە، چونکە لە هیچ شوێنێک خەڵک حکومەت ناکەن و نابێ حکومەتیش بکەن. چونکە دەسەڵاتی زۆرینە بە سادەیی دەتوانێ ببێتە خراپترین شێوەی زۆرداری و مافی کەمینە بە تەواوی لە نێو بەرێت. بەڵام دیموکراسی تەنها شێوەیەکی حکومەتە کە جگە لە ناوە فریودەرانەکەی و لە ژێر کاریگەی کێشە و دژوارییەکاندا، توانیویەتی ئەو ئامانجە بخاتە بەردەم خۆی کە بە چەسپاندنی یاساگەلی مەرجدار، بیرۆکەکانی دادپـەروەری، مروەت و زیاتر لە هەرشتێک واتە ئازادی لە چوارچێوەی یاسادا، تا ئەو جێگایەی کە ڕێگە پێدراوە بێنێتە دی. بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی لە بیرۆکەی پۆپەردا، نەک دەسەڵاتی خەڵک، بەڵکو ئامادە کردنی دامەزراوەیەکە لە بەرامبەر دیکتاتۆریدا. دیموکراسییەکان لە هەوڵدان تا بە یارمەتی یاسا مەرجدارەکان و دامەزراوە پێکهاتەییەکان، ببنە ڕێگر لەبەر دەم زۆرداریـدا، ئەگەرچی ئەم هەوڵانە بە تەواوەتی سەرکەوتوو نەبوون. پۆپەر لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سیاسی ئازاد دا ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتێک لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئازادە کە دامەزراوە سیاسیەکانی ئەو بوارە بۆ هاووڵاتیان برەخسێنێ کە لە کاتی ئیرادەی زۆرینەدا بتوانن دەسەڵاتداران بە بێ خوێنڕێژی لەسەر کار لابەرن و تا کاتێک هەلێکی لەو چەشنەمان بۆ ڕەخسابێ نابێ نیگەرانبین لەوەی کە چ کەسێک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. پوپەر پێکهاتەیەکی لەو چەشنە کە لە دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکاندا لە ئارادایە بە « کۆمەڵگەی کراوە» ناودێر دەکات. گرینگترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کراوە، جگە لەو هەڵسەنگاندنەی بۆی کرا، کێبەرکێیەکی

ئازادە لەسەر تیۆرییە زانستییەکان و هەبوونی شەفافیەتە لەو بازنەیەدا. کۆمەڵگای کراوە خاڵێکە لە بەرامبەر کۆمەڵگای داخراو و توتالیتاریدا کە لە نێویاندا بە جێگای کێبەرکێی ئازاد لەسەر تیۆرییە زانستییەکان، بازنەیەکی تەواو لە بیرو بۆچوونی ئایدۆلۆژی بە هەوڵدانی پاوانکردنی حەقیقەت لە ئارادایە. لە کۆمەڵگەی کراوەدا، شێوازی رەخنەی عەقڵانی، نابێتە هۆی لەناوچوونی رەخنەگر و توندو تیژی بۆ لەنێو بردنی بۆچوونی جیاواز رۆڵێکی نییە. رەخنە بەدەرە لە توندو تیژی و رێگە بۆ دۆزینەوە عەقڵ دەکاتەوە.

پۆپەر لە بەرگری لە دیموکراسی لیبراڵدا روونیدەکاتەوە کە دەبێ لە خۆمان بپرسین دوو لایەنی چاکە و خراپە کە ئەم پێکهاتەیە تا بە ئێستا لەخۆی گرتووە چۆنە؟ ئایا چاکەکانی دەسەڵاتێکی لەو چەشنە بەسەر خراپییەکانیدا زاڵە؟ هەروەها ناوبراو دەڵێ: گەرچی دیموکراسی باشترین دەسەڵاتی جێگای بیر لێکردنەوەیە و لە بواری لۆژیکییەوە باشترین دەسەڵاتی مومکین نییە و لە زۆر بواردا دەتوانرێ و پێویستە باشتر بکرێ، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە بواری مێژووییەوە باشترین دەسەڵاتی سیاسییە کە پێمان شک دێت. واتای ئەم وتەیە ئەوە نییە کە ئێمە نابێ ئەم دەسەڵاتە بخەینە بەر رەخنە. دیموکراسی خۆی لە خۆیدا بە رەخنەوە زیندووە و دەستکەوتەکانی ناتوانرێ بە دایمی و نەگەڕاو بزانرێ. چونکە ئەو مەترسییە بەردەوام لەئارادا دەبێ کە ئەم دەسەڵاتە بە خێرایی ئەوەی وەدەستی هێناوە لە کیسی بدا.

کارڵ پۆپەر لە یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی خۆیدا لە ژێر ناوی «گومانەکان و بایەخەکان»، بە تایبەت لە شیکردنەوەی خۆیدا سەبارەت بە دادپەروەری، باسی سەرەتاکانی دەسپێکی لیبڕالیزم دەکات و نێزگەلێکی جۆراو جۆر لەم بوارەدا دەخاتە رۆژەڤەوە. بە بڕوای ناوبراو، دەوڵەت لە بنەڕەتدا شەڕە، بەڵام شەرێکی پێویست. ئیختیاراتەکانی دەوڵەت نابێ لەوە زیاتر بێ کە زەرورەت دەیخوازێ. بە بڕوای پۆپەر، بۆ پێشاندانی زەرورەتی ئەم شەڕە پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ توندو تیژی و مرۆڤ بە گورگی مرۆڤ بزانین، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بە دۆست و فریشتەی مرۆڤ بزانین، دیسانەوە لە وەها جیهانێکدا مرۆڤی لاواز و مرۆڤی بەهێز بوونیان دەبێ، بەڵام لە وەها جیهانێکدا

مرۆڤی لاواز لەو مافە بەهرەمەند نین کە بەهێزترەکان تەحەمولی بکەن و لە راستیدا دەبێ سەبارەت بە رەحم و بەزەیی ئەوان لە تەحەمول کردنیاندا سوپاس گوزار بن. لێرەدا هەر کەس بە بەهێز و لاوازەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر مرۆڤێک مافی ژیانی هەیە و پێویستە بەرگری لە مافەکەی بکرێ، پێویستی هەبوونی دەوڵەت بە فەرمی دەناسێ، دەوڵەتێک کە پێویستە پارێزگاری لە مافی هەمووان بکات.

هەروەها پۆپەر دەڵێ: «پێشاندانی ئەوەی کە دەوڵەت لە هەمانکاتدا مەترسیەکی هەمیشەییە کارێکی دژوار نییە، چونکە هەر کاتێک دەوڵەت بیهەوێ ئەو ئەرکانەی کە کەوتوونەتە سەر شانی ئەنجامبدا، پێوستە هێز و هەڵبژاردنێکی زیاتری لە لایەن تەکی تەکی هاووڵاتیان و تەنانەت گروپە کۆمەڵایەتییەمانەوە هەبێ. ئەو رێ و شوێنەی کە ئێمە بۆ وەستانەوە لە هەمبەر مەترسی کەڵک وەرگرتنی کەڵکاوەژوانە لەو هێزە و ئیختیارانەکانی بیری لێ دەکەینەوە و ئەو دامەزراوانەی کە بۆ ئەو مەبەستە پێکی دێنن، هیچکامیان بە تەواوی ئەو مەترسییە لە نێو بەرن. ئێمە بەردەوام مەحکومین بەوەی باجی پارێزگای کردن لە ماف بە دەوڵەت بدەین نە تەنها بە دانی باج و خەراج، بەڵکو تەنانەت لە رێگای ئەو بەکەم زانینەی کە بە هۆی خۆبەزل زانینی دەسەڵاتدارانەوە نسیبمان دەبێت. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەو نرخەی دەیدەین زۆر گران نەبێ.

بە بڕوای پۆپەر، دیموکراسی ناتوانێ و نابێ خێر بە هاووڵاتیانی خۆی بکات. لە راستیشدا دێموکراسی بە تەنها ناتوانێ کارێک بکات. چاکە کاری دەبێ لە لایەن هاووڵاتیانەوە بکرێ. دێموکراسی شتێک جگە لە چوارچێوەیەکی باش بۆ کردەی مرۆڤەکان نییە و ئێمە رێگەپێدراو نین دیموکراسی و ئازادی لەگەڵ خۆشگوزەرانی و موعجیزەی ئابووریدا تێکەڵ بکەین. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بۆ خەڵک وا بێنینە بەر چاو کە ئازادی بۆ هەمووان خۆشگوزەرانی، و دیموکراسی بۆ خەڵک ئابوورییەکی باش بدوا خۆیدا دێنێ. ئازادی هەرگیز بە واتای خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تەک تەکی مرۆڤەکان نییە. ئەم کارە تا رادەیکی زۆر بەستراوەتەوە بە شانس و بەخت و بە شێوەیەکی رێژەیی لێوەشاوەیی و هەوڵدان و فەزڵەکانی دیکە. دەبێ بە شێوەیەکی واقعبینانە سنوورەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەبەر

چاو بگرین و مەترسیدارە گەر بەرپسیارێتی لە مرۆڤێک سەبارەت بە خۆی و خزمەکانیەوە بستێنینەوە و یا خود رێو شوێنی ژیان بۆ کەسێکی گەنج زیاتر لە حەدی خۆی ئاسان بکەین، چونکە لە ئاکامی لە نێو چوونی بەرپرسیارێتی کەسێک بە بێ هەڵسەنگاندن، دەتوانێ واتای ژیانی کەسەکانیش لە کیس بچێ.

بە بڕوای پوپەر، ئەوەی کە سەبارەت بە دیموکراسی و ئازادی دەتوانرێ بوترێ، لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە کە ئەوان کاریگەری لێوەشاوەیی تاکەکەسی کەسەکە لەسەر خۆشگوزەرانی ناوبراو تا رادەیەک بەهێزتر دەکەن. کەوابوو ئێمە نابێ ئازادی بەو هۆیەوە هەڵبژێرین کە چاوەروانی ژیانێکی ئاسودەی لێدەکەین، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە خودی ئازادی نوێنگەیەکی بایەخییە کە ناتوانین هەرگیز دایبەزێنینە خوار بۆ بایەخە مادییەکان. پوپەر لەم بوارەدا وتەیەکی دێموکریت فەیلەسوفی یۆنانی کۆن بیر دێنێتەوە کە: «ژیانی کولەمەرگی لە دیموکراسیدا، شەڕەفی زیاترە لە ژیانێکی رازاوە لە دەسەڵاتێکی زۆردارانەدا، چونکە ئازادی لە بەندایەتی بەرزترە»، هەروەها دەڵێ کە ئێمە ئازادی سیاسی بۆ ئەوە هەڵنابژێرین کە بەڵێنی ئەم یان ئەو شتمان پێدەدا، بەڵکو بۆ ئەوەی هەڵدەبژێرین کە تەنیا شێوازی مرۆیی پێکەوە ژیانی نێوان مرۆڤەکان دێنێتەوە بەرهەم؛ تەنیا شێوازێک کە ئێمە تێیدا دەتوانین بەرپرسیارێتی تەواوی خۆمانی تێدا وەئەستۆ بگرێن، بەڵام ئەوە کە دەتوانین ئەو کەرەستانەی کە ئازادی دەیخاتە بەردەمی ئێمە بێنینە دی، بەستراوەتەوە بە هۆکارگەلی جۆراو جۆر و پتر لە هەمووشی بەستراوەتەوە بە خودی ئێمەوە.

پۆپەر وەربیر دێنێتەوە کە ئێمە بەو هۆیەوە دێموکراتت نین کە بەردەوام ماف دەدەین بە زۆرینە. قەرار نییە ئەگەر زۆرینە بڕیار بدا بە قازانجی ئیستبداد، دێموکراتێک دەستبەرداری بیرو باوەڕەکانی خۆی ببێ. پۆپەر رۆڵی دامەزراوەکان کە سەرچاوەکەیان لە نەریتە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگادایە زۆر بە گرینگ دەزانێ و ئارمانشارێکی (یۆتۆپیایی) لیبەراڵ، واتە دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی عەقڵانی راوەستاو بێت لەسەر شادەمارێکی بێ نەریت بە بێ کاریگەری و نامومکین دێنێتە ئەژمار. لای ناوبراو لیبرالیسم بیروباورێکە بەستراوە بە ئاڵوگۆڕی رێفۆرمخوازانە و رێژەیی نەک شێوازێکی رادیکاڵ. ناوبراو پێیوایە کە ئەو بەشە لە

نەریتە دیموکراتییەکان لە بەشی گرینگترینەکاندان کە چوارچێوە ئەخلاقییەکانی( هاوتەریب لەگەڵ چوارچێوە بنەڕەتییە یاساییەکان) کۆمەڵگە پێک دێنن و نوێنگەی واتای نەریتی دادپـەروەری و داب و نەریت و هەستە ئەخلاقییەکانن. ئەم چوارچێوە ئەخلاقیە، شادەمارێکە کە لە هەر جێگایەک پێویست بێ رێککەوتنێکی دادپەروەرانە لە نێوان هۆگری و بەرژەوەندی جیاوازدا تێیدا دێتە ئاراوە. سروشتییە کە چوارچێوەیەکی لەم چەشنە ئاڵوگۆڕی تێدا دێتە ئـاراوە، بەڵام گۆڕانەکەی بە رێژەیەکی ئارام و لەسەرخۆ روو دەدا. هیچ شتێک خراپتر لە تێکدان و لەبەریەک هەڵتەکاندنی ئەم چوارچێوەو نەریتە نییە. کردەوەیەکی وێرانکەرانەی لەم چەشنە ( هەروەکو رژێمی ناشناڵ سوسیالیسم لە ئەڵمانیا نیشانی دا)، بە بێ ئەملاو ئەولا دەبێتە هۆی لەژێر پێ نان و لە نێو بردنی هەموو بایەخە مرۆییەکان.

پۆپەر لە بەستێنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا لە ئاستی جیهانی روونی دەکاتەوە کە هەنووکە بە سەرەنجدان بە دەستکەوتە پیشەسازییەکان و پەرەسەندنی ئابووری، بۆ مرۆڤایەتی ئەو هەلە رەخساوە تا برسیەتی و هەژاری لە جیهاندا ریشە کێش بکا، بەڵام رێگری دیکە لەبەر دەم بە ئەنجام گەیشتنی ئەم کارەدا لە ئارادان. ناوبراو بە تایبەتی یەکێک لەو گرفتانە لە هەبوونی دەسەڵاتە نارەواو زۆردارەکان لە وڵاتانی ناپەرەسەندوودا دەبینێ و ئاماژە بەوە دەکا کە خەڵک لە زۆرێک لەم وڵاتانەدا هێشتا لەو ئاستەی کامڵبوونی مەعنەویدا نین کە بتوانن چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن.

**سەرچاوە :**

رادیۆ دەنگی ئەڵمانیا (دۆیچێوێلە)